سالّی دووەم ژمارە (١٣) تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

مانگانە لەسەر ماڵپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە




**وتووێژێك لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم رەمەزان**

## بلاّکراوەی "بلّێسە" لە ساڵی ١٩٤٤ لەرانیە دەرچووە.

**مامۆستا ئیبراهیم کوڕی رەمەزان کوڕی ئیبراهیمەو بنەماڵەکەیان.......**



## ئێستێتیك

**دیدرۆ تێڕوانینێکی ماتەریالیستیی بەرانبەر ئەو ئێستێتیکە دانا، کە لە کایەی رەهاگەرایی ....**



## تەوەرێك سەبارەت بە "یاسای کاری رۆژنامەگەری لەکوردستان"

**دوای ئەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراو زۆرێك لەماددەو بڕگەکانی دەستکاری ......**



## نزار سەلامی:

**نزار سەلامی پاڵەوانی هەردوو درامای مەمی ئالان و فیلمی سینەمایی ژانی گەل، لە مانگی رابردوو سەردانی شاری رانیەی کردو لە فیستیڤاڵی گوڵەمێخەك بەشداری کرد. ...**


**خاوەنی ئیمتیاز :**

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

**سەرنوسەر:**

**قادر ئەحمەد عومەر**

(هەڵگورد)

halgordpshdare@yahoo.com

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

**بەڕێوەبەری نوسین:**

**غەفور نادر حەمەدەمین**

gafurranya@myway.com

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

سەرپەرشتیاری هونەری

ژیاکۆ

نوسینگەی گۆڤار:

ڕانیە-بازاڕی کوردۆ نهۆمی دووەم

ئیمێڵی گۆڤار

**کۆمپانیای نیوەند**

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)

# بونیاتنانی تۆڕەکانی ئیسلامی میانڕەو

راپۆرتی دەزگای راند

وەرگێڕان‌و پوختکردنەوەی: زنار

لەم ساڵانەی دوایی، شرۆڤەهایەکی زبرو بێسەروبەر بۆ ئیسلام، پانتاییەکی تەواوی لە کۆمەڵگەکانی موسڵماناندا گرتبوو. سەرباری بوونی هۆکارهاگەلێك لەپشت ئەم مەسەلەوە، بەڵام نوسین گەلێکیش هەن دەخوازن کنەی ئەم دیاردەیە بکەن. لەگەڵ ئەوانەشدا دیارە کە فاکتەری هەیکەلی هەیە، رۆڵی گەورە لەم بابەتەدا دەگێڕێ، لەوانە باڵادەستی سیستەمە سیاسییە ستەمکارەکان‌و سستی‌و دوورەپەرێزی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەشێکی گەورەی جیهانی ئیسلامی، وایکردووە مزگەوت یەکێك بێ لە سەکۆ بەدەگمەنەکان، بۆ گوزارشتکردن لە بێزاری‌و نارەزایەتی خەڵك لەدەست دۆخە ناهەموارەکانی سیاسەت‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی. لەنێو هەندێك دەوڵەتە ستەمکارەکان، توندڕۆیانی ئیسلامی خۆیان وەك تاکە جێگرەوە( ئەلتەرناتیف) دەخەنەروو، دەتوانن لەبەردەم رەوشی هەنوکەدا، خۆڕاگر بن، ئیدی هەریەکەیان لە وڵاتی خۆیدا، چ بە نهێنی بێ یان ئاشکرا (بەپێی ئاستی سەرکوتکردنی سیاسی لە وڵاتەکەیاندا) لە رێگەی میدیا جەماوەرییەکان، کایەکانی سیاسەت، شەڕی خۆیان دەکەن. بەگشتی حکومەتە ستەمکارەکان‌و توندڕۆکانیش لە تۆقاندن‌و پەراوێزخستن‌و بێدەنگکردنی ئەو موسڵمانە میانڕۆیانە سەرکەوتوو بوون، کە بەڕادەی جیاجیا، پابەندن بە رەهەندە سەرەکییەکانی کلتووری دیموکراسییەوە، هەروەك چۆن لە میسرو سودان‌و لیبیا دەبینرێ رۆشنبیرە موسڵمانەکان هەندێکجار رووبەرووی تیرۆر دەبنەوە، یان ناچار دەکرێن بەرەو دەرەوەی وڵاتی خۆیان هەڵبێن، تەنانەت ئەندەنوسیا کە تا رادەیەك بەدەوڵەتێ لیبرالی دادەنرێ، پەنای بردۆتەبەر هەڕەشەو توندوتیژی‌و ترساندنی نەیارەکانی. هاوکات ئەم تاکتیکانە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە رۆژاواشدا بەرامبەر موسڵمانان پیادە دەکرێن.

لەکەنار خواستی توندڕۆیان بۆ پەنابردنە بەر توندوتیژیی، مەبەستیشیانە مل بە برا موسڵمانەکانیان کەچ بکەن بۆ تێڕوانینە ئاینی‌و سیاسییەکانیان. ئەم توندڕۆیانە لە دوو خەسڵەتدا بەسەر موسڵمانە میانڕۆو لیبراڵەکاندا زاڵن:-

یەکەم- دارایی: بەدرێژایی سێ دەیەی رابردوو، سعودیە خەریکی ناردنە دەرەوەی مەزهەبی وەهابی بووە. ئەم کردەیەش واتە هاندان بۆ گەشەسەندنی توندڕۆیی ئاینی لە سەراپای جیهانی ئیسلامی، بە مەبەست بووبێ یان بێ مەبەست، کاریگەری گەورەی هەبووە.

دووەم- رێکخستن: بەدرێژایی ساڵانی رابردوو، گروپە رادیکاڵەکان توانیویانە تۆڕێ فراوان دامەزرێنن، ئەمەش بەدەوری خۆی بۆتە بەشێك لە تۆڕێکی چڕتری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

ئەم دوو تایبەتمەندییە وایکردووە، تا رادەیەك لە تەواوی دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا، کەمینەیەکی وەك رادیکاڵەکان کاریگەر بن، لە کاتێکدا ئەم کاریگەرییە لەگەڵ ژمارەیاندا وێکنایەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی موسڵمانە لیبراڵ‌و میانڕۆکان خاوەنی میکانیزمەکانی رێکخستن نین، تا بەهۆیەوە رووبەرووی رادیکاڵەکان ببنەوە. بەوجۆرە دامەزراندنی تۆڕەکانی ئیسلامی میانڕۆ، سەکۆو چوارچێوەیەیەك بۆ میانڕۆیان دابین دەکا، کە لەوێوە پەیامی خۆیان بەنێو خەڵکدا پەخش بکەنەوە، سەرەڕای ئەمەش لەبەرامبەر توندڕۆیان پارێزراو دەبن. بوونی ئەم تۆڕانە کارکردی دیاریکراویان بۆ فەراهەم دەکا کە دوبارە پارێزراو بن لە بەرامبەر حکومەتەکانیان، کە لە هەندێجاردا میانڕۆیان دەچەوسێننەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ئەلتەرناتیڤی دەسەڵاتە ستەمکارەکە دەخەنەروو، کە باشترە لە ئەلتەرناتیڤی توندڕۆیان.

بەو پێیەی میانڕۆیان بۆ بونیاتنانی ئەم تۆڕانە لەلایەن خۆیانەوە، خاوەنی کەرەستەو داهات نین، کەواتە دامەزراندنی ئەم تۆڕانە پێویستی بە دەستپێشخەری دەرەکی هەیە. هەندێ دەڵێن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چون دەوڵەتێکە زۆرینەی غەیرە موسڵمانە، ناتوانێ بەم رۆڵە هەستێ، هەروەها ئاستەنگەکانیش لە بەردەمیدا زۆرن کە بتوانێ گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بکا. لەگەڵ ئەوانەشدا بە پشتبەستن بە ئەزمونی پێشووی ئەمریکا لە سەرپەرشتیکردنی تۆڕەکان کە پابەند دەبون بە فیکری ئازادو دیموکراسیەتەوە، لە دەورانی جەنگی سارد، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ رۆڵێ گرنگ ببینێ لە راگرتنی باڵانسی مەسەلەکانداو سەنگینکردنی بۆ بەرژەوەندی میانڕۆیان.

لەم راپۆرتەدا سەرەتا باس لە چۆنێتی بونیاتنانی تۆڕەکان دەکرێ لە دەورانی جەنگی ساردو ویلایەتە یەکگرتووەکان چۆن توانی شەریکەکانی دیاری بکاو کۆمەکیان بکات؟ ئەو رێگەیانە چیبوون کە پەنای بۆ بردن، تا توشی هەڕەشەو مەترسی نەبنەوە؟.

دووەم هەڵدەستین بە شەنوکەوکردنی لایەنی وێکچوویی‌و جیاوازی نێوان ژینگەی جەنگی ساردو ئەم ناکۆکییەی ئێستا لەگەڵ ئیسلامی رادیکاڵدا، چۆنێتی کاریگەری ئەم کۆك‌و ناکۆکییە لەسەر هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ بونیاتنانی تۆڕەکان لەمڕۆماندا.

سێیەم هەڵدەستین بە تۆژینەوەی ستراتیژیەت‌و پرۆگرامی هاندان، کە ئەمریکا دەیگرێتەبەر لەگەڵ جیهانی ئیسلامی. دواجار هەڵدەستین بە دانانی (نەخشەی رێگا) بۆ پرۆسەی بونیاتنانی تۆڕو دامەزراوەکانی ئیسلامی میانڕۆ، ئەویش بە زانینی ئەو هەوڵانەی لە دەورانی جەنگی ساردا خرابونەگەڕ، لەگەڵ ئەو تۆژینەوانەی کە دەزگای(راند) ئەنجامیدابوو لەبارەی مەیلە فیکرییەکانی نێو جیهانی ئیسلامی. لەدەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەم راپۆرتە( بەپێی گوتەی یەکێ لەوانەی پێداچونەوەی ئەم راپۆرتەی کردووە، بە گرنگترین ئەنجامی داناوە کە بۆ حکومەتی ئەمریکی‌و هاوپەیمانانی گەلێ پێویستە، هەرچەندە لەم مەسەلەیەدا سەرکەوتوو نەبوون) دانانی پێوەرێکی روونە بۆ شەراکەت لەگەڵ میانڕۆ ڕەسەنەکان، دەرەنجامی کۆتاییش پێشوەختە ئاشکرایە کە دەبێ موسڵمانە میانڕۆ راستەقینەکان بناغە پتەوبکرێن.

**پەندەکانی جەنگی سارد**

بۆ هاوکاریکردن لە بونیاتنانی دامەزراوەو رێکخراوە ئازادو دیموکراسییەکان لە ساڵانی بەرایی جەنگی ساردا، هەریەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان‌و هاوپەیمانانی کۆمەڵە هەوڵێکیان دا، کە دەکرێ لەم دەورانی جەنگی گەردوونیەدا دژ بە تیرۆریزم، سوودی لێوەربگیرێ. لە سەرەتای جەنگی سارد، یەکێتی سۆڤێت بەتەنیا سەنگی خۆی نەخستبووە سەر وەفاداری پارتە کۆمۆنیستە بەهێزەکانی ئەوروپا( هەندێ



لەوانە لە وڵاتی خۆیاندا گەورەترین‌و بەرفرەترین ڕێکخستنیان هەبوو، کەوا دەردەکەوتن گوایە بەشێوازەکانی دیموکراسی بەرەو تڕۆپکی دەسەڵات دەچن) بەڵکو پشتی بەستبوو بە ژمارەیەك ڕێکخراو، وەك یەکێتییەکانی کرێکاران، ڕێکخراوەکانی لاوان‌و قوتابیان، هاوبەندی ڕۆژنامەڤانان، کە سۆڤێت کۆمەکی بە کارمەندە لایەنگرەکانی خۆی تێدا دەکرد، بە مەبەستی هەژموونداری بەسەر کەرتە گرنگەکانی کۆمەڵگەدا. لە دەرەوەی ئەورووپای ڕۆژئاواش، گەلێ لە( بزاڤە ڕزگاریخوازەکان) کە تێدەکۆشان دژ بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالی، هاوپەیمانی سۆڤێت بوون. بۆیە سەرکەوتنی سیاسەتی قۆرخکردنی( ئیحتیوا) ئەمریکی، دامەزراندنی ڕێکخراوە دیموکراسییەکانی دەخواست، تا بتوانێ ڕکابەری هەژمونی کۆمۆنیست بێ لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی( سەرەڕای بوونی قەڵغانی سەربازیی کە هێزی ناوکی ئەمریکی‌و هێزی تەقلیدی ئامادەی کردبوون). هاوکات پەیوەندی پتەوی نێوان ستراتیژیەتی گەورەی ئەمریکاو هەوڵەکانی بۆ بونیاتنانی تۆڕەکانی دیموکراسی، پێکهاتەی سەرەکی بوون لە سەرکەوتنی (سیاسەتی قۆرخکردنی ئەمریکا)، هەر ئەمەش بۆ خۆی نمونەیەکە کە دەکرێ بە سوود بگەڕێتەوە بۆ داڕێژەرانی بڕیار لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا.

لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دەستپێشخەری ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە دەورانی جەنگی ساردا، بۆ بونیاتنانی تۆڕەکان، پەیوەندی نێوان هەردوو کەرتی گشتی‌و تایبەتی بوو. لە ئەمریکاو ئەوروپا، بزاڤێکی فیکری دژ بە کۆمۆنیست هاتبووە ئاراوە، بە تایبەتی لەنێوەندەکانی چەپی ناکۆمۆنیست، بۆ ئەوەی هەوڵە تاکەکەسییەکان بگۆڕێن بۆ هەڵمەتێکی تۆکمە، دەبوو پارەو ڕێکخستن بخرێتە ئیختیاریانەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم تۆڕانەی لە هەوادا دانەمەزراند، بەڵکو لە بزاڤە کلتووری‌و سیاسییە گەورەکانەوە لەدایکبوون، کە ئەمریکاو حکومەتەکانی دیکە بەشێوەیێ نهێنی سەرپەرشتیاریان دەکردن. تا ڕادەیەك لە تەواوی ئەم هەوڵانەدا، کاری حکومەتی ئەمریکی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان بووە، بۆ زانینی ئەوەی داخۆ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا دێتەوە یان نا، پاشان هەڵدەستا بە پێشکەشکردنی دارایی‌و پارە بۆ ئەو پرۆژانە، دواتر کەوتە پیادەکردنی پرەنسیپی( دەستتێوەرنەدان لە کاروباریان) دا، ئەویش بەهۆی سەرپشککردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە کۆمەکی دەکردن، کە کار بۆ ئامانجی خۆیان بکەن بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی. وەکو هەر دەزگایەك، حکومەتی ئەمریکا هەڵدەستا بە دانانی کۆمەڵێ ڕێنمایی بۆ چۆنێتی خەرجکردنی پارەکان. بەرپرسانی ئەمریکی بە شێوەیێ گشتی دەرکیان بەوە کردبوو، هەرچەندێ دووربن لەو ڕێکخراوانەی کە کۆمەکیان دەکەن، ئەوەندە ئەو ڕێکخراوانە لە چالاکییەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن.

بەڵام ئەمڕۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە بونیاتنانی تۆڕەکانی دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامی ڕووبەڕووی هەڕەشەگەلێ هاتۆتەوە، هەروەك سەرەتای جەنگی سارد کە بەگژ بڕیاربەدەستداندا هاتەوە. ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەی ئێمەوە، سێ هەڕەشەی سەرەکی هەیە:-

یەکەم- لە کۆتایی دەیەی چلەکان‌و سەرەتای پەنجاکاندا، لەنێو بڕیارداڕێژەرانی ئەمریکادا، وتووێژێ هەبوو، سەبارەت بەوەی ئایا هەوڵەکانیان بۆ بونیاتنانی تۆڕەکان، هێرشبەریی بێ یان بەرگریکار، چونکە هەندێ پێیانوابوو کە دەبێ ویلایەتە یەکگرتووەکان ستراتیژیەتێکی هێرشبەرانە بەرێبکات لەپێناو ڕامالینی دەسەڵاتی کۆمۆنیست لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات‌و سۆڤێتدا، ئەویش لە ڕێگەی خستنەرووی هاریکاری ئاشکراو نهێنی بۆ چەند گروپێك کە لیبڕاوانە کاریان بۆ سەرنگومکردنی حکومەتە کۆمۆنیستەکان دەکرد، لە کاتێکدا هەندێکیتر بڕوایان بەوەبوو کە پێویستە ستراتیژیەتێکی مەیلەو بەرگریکردن پیادە بکرێ، کە لە قۆرخکردنی هەڕەشەی سۆڤێتدا چڕبێتەوە، ئەمەش بەوە دەبوو کە هێزە دیموکراسیخوازەکان لە ئەورووپای ڕۆژئاواو ئاسیاو ئەمریکای لاتین زیاتر تۆکمەکرێن. هەرچەندە زۆرجار ئەم ستراتیژیەتەی بەرگریکردن لەو کاتەدا جێگیرتر بوو، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆششێ نەسڵەمییەوە، کە ئاراستەی ئەو فیکرانەی لە ڕۆژئاواوە هەڵدەقوڵان، بەرەو سۆڤێت‌و ڕێکخراوەکانی بەرێ، واتە لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەی تازە دامەزرابوون، بیرۆکە دیموکراسییەکانی دزە پێدەکردە نێو پەردەی ئاسنینی کرەملین.

دووەم- داڕێژەرانی بڕیار لە دەورانی جەنگی سارد، هەڕەشەیەکی دیکەشیان لەسەربوو، کە ئەویش پارێزگاریکردن بوو لە سەرڕاستی ئەو گروپانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەکی دەکردن. بۆ ئەوەی مەترسییەکان لەسەر ئەو تۆڕانە کەمبکرێنەوە، سەرەتا لێکنزیکییەکەی نێوان حکومەتی ئەمریکی‌و ئەم گروپانە سنورێکی دیاریکراوی بۆ دادەنرا، دووەمیش دەستنیشانکردنی کەسایەتی دیارو دەرکەوتوو کە پۆستی سەرۆکایەتی ئەو تۆڕانە وەربگرن. حکومەتی ئەمریکی بە ڕۆڵی خۆی هانی چالاکییەکانی هەندێ ڕێکخراوی سەربەخۆی دەدا بۆ بونیاتنانی تۆڕەکان، لەوانە(یەکێتی کاری ئەمریکی).

سێیەم- دیاریکردنی قەوارەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە دژ بە کۆمۆنیست بێ، ئایا دەبێ ئەم هاوپەیمانێتییە

سۆشیالیستەکانیش لەخۆبگرێ کە لە کۆمۆنیست هەڵگەڕاونەتەوە، سەرباری ئەوەی رەخنەیەکی زۆر لە سیاسەتی ئەمریکی دەگرن؟ لەدواجاردا ویلایەتە یەکگرتووەکان بریاریدا هەموو کەسێك بەشێك دەبێ لەم هاوپەیمانێتیە، گەر بڕوای بەچەند پرەنسیپێکی ئاماژەپێدراو هەبێ. بۆ نمونە هەماهەنگی نەبوون لەگەڵ

| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
|---|---|---|
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |
| [illegible] | [illegible] | [illegible] |

سیاسەتی ئەمریکی، بووە کارێکی رێگەپێدراو، بەڵکو لە هەندێجاریشدا ئەمریکا بەخۆی هانی دەدان، تا ئەو تۆڕانە لەنێو کۆمەڵگەکانیاندا، خاوەن سەرراستیو متمانەی هاووڵاتیانی خۆیان بن.

رووی لێکچوونو جیاوازی نێوان ژینگەی جەنگی ساردو جیهانی ئیسلامی ئەمرۆ سێ هێڵی گەورەی تەریب لەنێوان ژینگەی جەنگی ساردو سەردەمی ئێستاماندا خۆی وەدیاردەخا:-

یەکەم-لە کۆتایی دەیەی چلەکانو ئێستاشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەردەوام رووبەڕووی ژینگەیەکی جیۆسیاسی نوێو پێکهەڵپرژاو بۆتەوە کە هەڕەشەی ئەمنی نوێی بۆ دێنێتە کایەوە. سەرەتای جەنگی سارد، هەڕەشەکان بریتی بوون لە بزاڤی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالی کە سۆڤێتی خاوەن هێزی ناوکی رابەرایەتی دەکرد، بەڵام هەڕەشەی ئەمرۆ لە بزاڤێ جیهادیدا خۆی دەبینێتەوە کە لەمیانی کردەوە تیرۆریستیەکانیدا دەیەوێ گورز لە زۆرترین ئامانجی رۆژئاوا بدات. لەبەرئەوە دۆخی دەیەی چلەکان، دامەزرانی چەندین تۆڕی گەورەمان بینی لە حکومەتی ئەمریکیدا بۆ بەگژداچونەوەی ئەم هەڕەشانە. دواترو گرنگترینیان لە ساڵانی جەنگی ساردا، ئەمریکاو هاوپەیمانانی خۆیان لەنێو جەنگی هزرەکاندا بینییەوە، ئەمرۆش لە دانپێدانانەکانی پنتاگۆن لە راپۆرتێکیدا کە چوار ساڵ جارێ دەردەچێ، هاتووە ( ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جەنگێکدا تێوەگلاوە کە بەراستی لەیەککاتدا پێویستی بە چەكو هزر هەیە، بەوەش نەبێ سەرکەوتنی کۆتایی بەدەستنایەت، لە یەکباردا نەبێ کە گومان لە هزری توندرۆیان لەلایەن کۆمەڵگەکانەوە سەرهەڵبدات کە هەندێکەس بڕوای پێیەتی).

گرنگە لێرەدا ئاماژە بە رووە لێکچوو جیاوازەکانی رابردوو ئێستا بکەین، ئەوکات سۆڤێت دەوڵەتێکی نەتەوەییو خاوەن بەرژەوەندی فەرمی خۆی بوو لە پاراستنی سنورە جوگرافیە دیارەکەیدا، لە کاتێکا ئەمرۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان رووبەڕووی رەگەزی تەمومژاوی بۆتەوە کە پەیوەست نین بە دەوڵەتەوەو هەژمونیان بەسەر هیچ ناوچەیەکدا نیەو تەواوی بەهاکانی سیستەمی جیهانی رەتدەکەنەوە، لەم خشتەیەدا رووە وێکچوو جیاوازەکان دەستنیشان دەکەین:-

## پرۆگرامی ئەمریکا بۆ کۆنتاکتکردن لەگەڵ جیهانی ئیسلامی

لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، بەشێکی زۆری هەوڵەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی هاووڵاتیانو خاکی ئەمریکا خرانەگەڕ، هاوکات ئەوەش درکێنرا کە مەبەست لە بەگژداچونەوەی تیرۆریزم بریتی نیە لە ئامادەکردنی تیرۆریستان بۆ بەردەم دادگەو بەرتەسککردنەوەی کردەوەکانیان، بەڵکو تێگەیشتنێکی نوێ هاتە ئاراوە بۆ هۆکارە راستەقینەو ریشەییەکانی تیرۆریزم. لە سێپتەمبەری ٢٠٠٢ بەڵگەنامەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی دەرچوو، کە زنجیرە دیکۆمێنتو وتاری فەرگرنگ بوون، سەبارەت بە ستراتیژیەتی گشتی ئەمریکا لە جەنگە گەردوونیەکەیدا دژ بە تیرۆریزم، بەڵام هاودەنگییەك نەبوو کە بەهۆیەوە بزانرێ شەریکەکان کێن لە جەنگی هزرەکاندا، بە تەواوی سیاسەتێکی روونی ئەمریکی تێبینی نەدەکرا، کە یارمەتیدەر بێ بۆ بونیاتنانی تۆڕەکانی ئیسلامی میانرۆ، هەرچەندە واش کاریان لەسەر دەکرا، کە تەنیا کارێ لاوەکیو خۆیان لە پێچو پەناکانی پرۆگرامی کۆمەکییەکانی ئەمریکادا حەشاردابوو. ئەوەی ئێمە پێشنیازی دەکەین، ئەوەیە کە بونیاتنانی ئەو تۆڕانە ببێتە ئامانجێکی روونو دیاری پرۆگرامی حکومەتی ئەمریکی.

ئەم تۆڕانە دەبێ لەسەر سێ ئاست بونیات بنرێن:-

١- بەهێزکردنی ئەو تۆڕانەی ئێستا هەن. ٢- ناسینی ئەو تۆڕانەی کە چاوەرێ دەکرێ دەستبەکاربنو هاندانیان بۆ دەسپێكو گەشەکردنیان. ٣- بەشداریکردن لە رەوشێك کە ببێتە هۆی فرەییو لێبوردەییو سوودوەرگرتن لەو تۆڕانەی کە هەن.

هەندێ پرۆگرامی حکومەتی ئەمریکی لەسەر ئاستی یەکەمو دووەم ئاسەواریان دیارە، بەڵام زۆرینەی هەوڵەکانی ئەمریکی تا ئەمرۆش هەر دەرژێتە ئاستی سێیەمەوە. لە راستیدا ژمارەیەکی زۆر کەم لەم تۆرو رێکخراوە میانرۆیانە کە دەکرێ کار بۆ ئەمریکا بکەن، لە بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامیدا هەن. بۆ ئەوەی ئەمریکاش هانی



بونیاتنانی ئەم تۆڕانە بدات، دەبێ دژ بە ژینگە سیاسیو کۆمەڵایەتییە سەرکوتکارەکانو ئەو ئاستە بەرزەی دوژمنایەتیکردنی ئەمریکا لە پانتاییەکی فراوانی جیهانی ئیسلامیدا ببێتەوە. زۆرینەی ماندووبوونەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لەم رێرەوەدا بەلامانەوە گرنگە، دەکەونە چەند خانەیەکەوە کە ئەوانیش هاندانو پتەوکردنی دیموکراسیەتو پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیپلۆماسیەتی میللین.

**هاندان بۆ دیموکراسیەت**

لە رێگەی دیپلۆماسیەتی تەقلیدییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ دەوڵەتگەلێکدا کەوتۆتە گفتوگۆو چەندین چەمکی خستۆتە نێو باسانەوە، لەوانە پەیوەندیکردن بە " کۆمەڵگەی دیموکراسیخوازان"ـەوە، بە ئاشکراو نهێنی بانگەشە بۆ سوودەکانی پیادەکردنی بەهاکانی دیموکراسیەتی لیبراڵی دەکات وەك یەکسانیو لێبوردەییو فرەییو دەسەڵاتی یاساو رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤو مافە مەدەنییەکان. جەختکردنەوە لەسەر بەهاکانی دیموکراسیەت، بەخۆی بەشداریکردنە لە پەرەپێدانی ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی، کە پرۆسەی بونیاتنانی تۆرە میانرۆکان ئاسانتر دەبێ.

لەو بارەوە هەریەك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاو ئاژانسی ئەمریكی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی(USAID) رێنمایی فەرمیو دیاریكراوی هەیە بۆ بانگەشەی دیموكراسی، بە مەبەستی بەرجەستەكردنی ئەم ئامانجانە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاو ئاژانسی ناوبراو مامەڵە لەگەڵ كۆمەڵێ رێكخراوی ناحكومیدا دەكەن، بە تایبەتیش لەگەڵ یەكەی نیشتمانیی دیموكراسی(NED)و ئەنستیتۆی كۆماری نێودەوڵەتی(IRI) و ئەنستیتۆی نیشتمانیی دیموكراسی(NDI) و دەزگەی ئاسیانو سەنتەری تۆژینەوەی ئیسلامو دیموكراسیەت(CSID)، كە تەواوی ئەم رێكخراوانە لەلایەن حكومەتی ئەمریكییەوە، كۆمەكی ماددی دەكرێن. گەرچی ئەمانە گەلێ دوورن لە پرۆگرامە گەورەكەی ئەمریكا بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵ جیهانی ئیسلامی، بەڵام دەستپێشخەری شەراكەت لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەخۆی هەنگاوێكی گرنگە بۆ دەربازبوون لەو شێوازانەی كە پێش ١١ی سێپتەمبەر باو بوو. دەستپێشخەری شەراكەت لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست، پرۆگرامی خۆی لەسەر چوار پایە بونیاتناوە:-

چاكسازیی سیاسی، چاكسازیی ئابووری، خوێندنو فێركردن، پتەوكردنی پێگەی ئافرەت. بەو ئاراستەیەش نوسینگەیەكی نوێ كراوەتەوە بەناوی( نوسینگەی كاروباری رۆژهەڵاتی نزیك) كە سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكیە. ئەم دەستپێشخەری شەراكەتە لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەتایبەت بۆ ئەوە دانراوە كە دووربكەوێتەوە لە شێوازی گفتوگۆكردن لەگەڵ حكومەتەكاندا، بەڵكو پشت دەبەستێ بە رێكخراوە ئەمریكیە ناحكومییەكان بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو بەهایانە چۆن جێبەجێ دەبن بە پارەیەكی كەم كە راستەوخۆ بە رێكخراوە لۆكاڵییە ناحكومییەكان دەدرێ لە چوارچێوەی ئەو پایانەی ئاماژەیان پێدرا.

لەساڵی ٢٠٠٤دا ویلایەتە یەكگرتووەكانو هاوپەیمانانی( هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەكەی جیهان) كەوتنە هەوڵی پەیرەوكردنی پرۆگرامێكی فرەلایەن بەناوی دەستپێشخەری رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەو باكوری ئەفریكا. لە هاوینی ٢٠٠٦ ئەم دەستپێشخەرییە تواناكانی دەزگەی ئاسیان-ی چەند بەرابەر كردەوە، كە سەركەوتوترین رێكخراوە بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی.

**بەرەوپێشبردنی كۆمەڵگەی مەدەنی**

بەرەوپێشەوەچوونی دیموكراسیەت شان بە شانە لەگەڵ پێشڤەچوونی كۆمەڵگەی مەدەنی، زۆرێ لە ئەكادیمیو سیاسییەكان كۆمەڵگەی مەدەنی بە دەسپێكێ گرنگ دەزانن بۆ باڵادەستبونی دیموكراسیەت، چونكە زنجیرەیەكی گەیاندنە لەنێوان دەوڵەتو كەسەكانو خێزانو هۆزەكاندا، ئەو كاتەش رۆڵی بەرجەستە دەبێ كە بە رووی ئەو هێزانەدا دێتەوە، دەوڵەت لەبەردەمیاندا قوتی دەكاتەوە. لە سایەی سیستەمە دیموكراسییەكاندا، كۆمەڵگەی مەدەنی بەشێوەیەكی باشتر گەشە دەكا، گەشەكردنیشی خوازراوە لەو دەوڵەتانەی كە بەرەو دیموكراسیەت هەنگاو دەنێن.

پەیوەندییەكی تەواوكاری هەیە لەنێوان بەرەوپێشەوەچوونی كۆمەڵگەی مەدەنیو بونیاتنانی تۆڕەكاندا، لە رووی تیۆرییەوە كاتێ كۆمەڵگەی مەدەنی دادەمەزرێ، بەدوایدا تۆڕەكانی میانرۆ دێ، پێچەوانەكەشی راستە. لەرووی پراكتیكەوە ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەوەندەی سەرقاڵە بە بەرەوپێشەوەبردنی كۆمەڵگەی مەدەنی، هێندە خۆی لەگەڵ بەرقەراركردنی دیموكراسییەتدا ماندوو نەكردووە. هەردوو پرۆسەی هاندانی دیموكراسیەتو بونیاتنانی كۆمەڵگەی مەدەنی، رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە، سیستەمە سەركوتكارەكان بە كۆمەڵە یاسایەك، هەڕەشە دەخەنەسەر بوونی ئەو رێكخراوە ناحكومییانە، هەم نائامادەیی میكانیزمیش بۆ كاركردنو ئەداكردن، وا دەكات كە بەهۆی سانسۆرێكی زۆری حكومەتە سەركوتكارەكەوە، چالاكییەكانیان رابگیرێ.

ئەو میكانیزمە باوانەی كە دیپلۆماسیەتی میللی پێ ئاراستەكراوە بەرەو جیهانی ئیسلامی، پەخشی رادیۆییو كەناڵە ئاسمانییەكان بووە، وەك رادیۆی(سەوا) و كەناڵی( ئەلحورە) ، لەگەڵ ئەوەی كەناڵی ( ئەلحورە) رووبەڕووی رەخنەی زۆر توندبۆوە، بەهۆی بێتوانایی لە كۆكردنەوەی زۆرترین بینەر بۆ خۆی، بەڵام رادیۆی(سەوا) سەركەوتوانەتر هاتە پێشەوە. هەرچەندە ژمارە زۆری گوێگر بەشێوەیەكی گشتی، ناكرێ بە دەستكەوت بێتە ژماردن بۆ بەرژەوەندی میانڕۆیی یان ئەوە كارێك بێ بەشداری لە بونیاتنانی دامەزراوەكانی میانڕۆ بكات. بەڕاستیش دیارنیە كە داخۆ هەریەكە لە( سەواو ئەلحورە) چەند توانیویانە رەزامەندی جیهانی ئیسلامی بەدەست بێنن بەرامبەر سیاسەتەكانی ئەمریكا، كە ساڵانە ٧٠٠ ملیۆن دۆلاریان تێدا خەرج دەكرێو دە ئەوەندەی ئەو بڕە پارەیەیە كە بۆ دەستپێشخەری شەراكەت لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەراست دانراوە.

**نەخشەی رێگا بۆ بونیاتنانی تۆڕەكانی میانڕۆ**

هەنگاوی یەكەم ئەوەیە كە ویلایەتە یەكگرتووەكانو هاوپەیمانانی بڕیارێكی روون بدەن بۆ بونیاتنانی تۆڕەكانی میانڕۆو پێكەوەبەستنێكی دیار لەنێوان ئەم ئامانجەو ستراتیژیەتو پرۆگرامی ئەمریكادا رێكبخەن. هاوكات دەستبكەن بە جێبەجێكردنی كارای ئەم ستراتیژیەتە كە دامەزرانی بناغەیەكی

"پشتیوانیكردنی میدیا میانڕۆكان مەسەلەیەكی گرنگە بۆ بەگژداچونەوەی ئەو میدیایانەی كە دوژمنانی دیموكراسی و ئیسلامیە رادیكاڵەكان بەسەریاندا زاڵن "

"لەرووی پراكتیكەوە ویلایەتە یەكگرتووەكان ئەوەندەی سەرقاڵە بە بەرەوپێشەوەبردنی كۆمەڵگەی مەدەنی، هێندە خۆی لەگەڵ بەرقەراركردنی دیموكراسییەتدا ماندوو نەكردووە"

لەنێو حکومەتی ئەمریکیدا پێویستە بۆ ئەوەی ئاراستەیان بکات لەگەڵ کۆمەکی‌و بەدواداچوونی بەردەوام. لە چوارچێوەی ئەم نەخشەیەدا، دەبێ حکومەتی ئەمریکی کەسانی شارەزاو بەتوانا وەگەڕبخات بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ستراتیژیەتە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- گرتنەبەری کۆمەڵە پێوەرێکی پێشکەوتوو بۆ جوداکردنەوەی میانڕۆ راستەقینەکان لە هەلپەرست‌و توندڕۆیان کە خۆیان وەك میانڕۆ نیشان دەدەن، جوداکردنەوەی عەلمانییە لیبراڵەکان‌و عەلمانیە ستەمکارەکان.

٢- داتابێسی( هێڵکارییەك کە تەواوی زانیارییەکانی لەخۆگرتبێ) تەواوی شەریکەکان( کەسەکان- گروپەکان- رێکخراوەکان- دامەزراوەکان- پارتەکان و..هتد).

٣- میکانیزمەکانی بەدواداچوونی پرۆگرام‌و پرۆژەکان‌و بریارەکان‌و سەرپەرشتیکردنیان، لەم بارەدا دەبێ زنجیرەیەك بوار بهێڵرێتەوە بۆ راستکردنەوەی شەریکەکان(ئەوانەی جێی متمانەن) گەر هاتوو توشی کێشە هاتن.

سەرەتای هەوڵەکان دەبێ چاو بخرێتەسەر گروپێکی سەرەکی لەو شەریکانەی کە خاوەن ئاراستەیەکی فیکری ناسراون، دواتر لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە کاربکەن واتە وەك رێکخراوێکی نهێنی بجوڵێنەوە، هەرئەوەندەی کە دڵنیابووین لە فیکری ئەو گروپە، دەشێ ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاستی سەربەخۆیی کارکردنیان بەرزبکاتەوە. رۆژهەڵاتی ناوەراست ناوچەیەکی پڕ ئاشوبە، گەلێ گەورەیە، هەمەڕەنگە، تەمومژاوییە، بەشێکی زۆری لەژێر چنگی توندڕۆیاندایە، کە بواری لێنزیکبونەوەیان ئاسان نیە، بۆیە ئەمریکا دەبێ لەسەر ئەم بنەمایانە پرۆگرامی خۆی دارێژێ‌و سیاسەتێکی نوێ بگرێتەبەر کە

> **ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جەنگێکدا تێوەگلاوە کە بەراستی لەیەککاتدا پێویستی بە چەك‌و هزر هەیە**

ناچونیەك بێ، دەبێ زیاتر چاو بخاتە سەر شەریکەکانی‌و ناوچەکان‌و پرۆگرامەکەی. ئەوەی پەیوەستە بە شەریکەکانیەوە، دەبێ چەند کەرتێکی کۆمەڵایەتی بە هەند وەربگرێ کە کرۆکی بونیاتنانی تۆڕە پێشنیازکراوەکانە وەکو:-

١- ئەکادیمی‌و رۆشنبیرە ئیسلامییەکان لە لیبراڵ‌و عەلمانیەکان.

٢- گەنجە نوێگەرەکانی نێو زانایانی ئاینی.

٣- کەسایەتیە چالاکەکانی نێو کۆمەڵگە.

٤- ئەو گروپە ئافرەتانەی کە کار لە بواری هەڵمەتەکانی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزەکە دەکەن.

٥- رۆژنامەوان‌و نوسەرە میانڕۆکان.

پێویستە ئەمریکا پرۆگرامی بۆ ئەم کەسانە هەبێ، هەر داوەتکردنێك بۆ سەردانی کۆنگریس، ئەم کەسانەی تێدابێ‌و بیانناسێنن بەبریار دارێژەران‌و یارمەتی بدرێن وەك بەشێك لە دیپلۆماسیەتی میللی. بێجگە لەو کەرتانە، دەبێ ئەم کەرتانەی دیکەش جێی بایەخ بن:-

١- پەروەردەی دیموکراسی، بە تایبەتی ئەو پرۆگرامەی کە دەقە ئیسلامیی‌و فەرمودەکانی پشتیوانی لە بەهاکانی دیموکراسیەت‌و فرەیی دەکەن.

٢- دەزگاکانی راگەیاندن، پشتیوانیکردنی میدیا میانڕۆکان مەسەلەیەکی گرنگە بۆ بەگژداچونەوەی ئەو میدیایانەی کە دوژمنانی دیموکراسی‌و ئیسلامیە رادیکاڵەکان بەسەریاندا زاڵن.

٣- یەکسانی نێوان هەردووڕەگەز، مەسەلەی مافی ئافرەت یەکێکە لە بوارەکانی رووبەڕووبونەوە لە جەنگی هزرەکاندا لەنێو کۆمەڵگەی موسڵمانان.

٤- پشتیوانیکردنی هەڵوێستە سیاسییەکان: ئیسلامیەکان ئەجێندای سیاسی خۆیان هەیە، دەبێ میانڕۆکانیش بێنە پێشەوە بۆ بەرگریکردن لە هەڵوێستە سیاسییەکانیان.

سەبارەت بە پێگەی جوگرافی، پێشنیاز دەکەین لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، دەسپێکی هەنگاوەکە بەرەو ئەو شوێنانەی جیهانی ئیسلامی بڕوات کە ئازادی جموجوڵکردن تێدا گەورەترە، بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی هەبێ. دەبێ دان بەوەشدا بنێین کە سەرچاوەی هزرە رادیکاڵەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدایەو لەوێوە بڵاودەبێتەوە بە سەرانسەری جیهاندا، بۆیە ئەم پرۆگرامە ئاراستەیەکە بە دژی ئاراستەی رادیکاڵەکان، کە بە باشترین سیاسەت دادەنرێ. باشتریشە کە هەندێ دەق‌و نوسینی گرنگی هزرڤان‌و رۆشنبیرانی موسڵمانان لە تاراوگە وەربگێردرێنە سەر زمانی عەرەبی‌و بەشێوەیەکی بەرفراوان دابەش بکرێن، ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە ناوچە سەرەکییەکان فەرامۆش بکرێن، بەڵکو

ئامانج کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانەکەیە بە ئومێدی ئەوەی دەرفەتی پێشکەوتن وەدی بێ، کە رەنگە لە هەر ساتێکدا دەرکەوێ. لێرەو لەوێ هەندێ تۆڕ بونیاتنراون، بەڵام هەڕەمەکی بوون، ئەوانەی کە دروستیان کردووەو خۆیان وەك میانڕۆ نمایشکردووە، بێجگە لە هەدەربردنی داهات هیچی دیکە نین، هەندێجار ئەوانە دەرەنجامی پێچەوانەیان هەبووە، وەك ئیمام مزگەوتەکانی دانیمارك کە قەیرانی وێنە کاریکاتێرییەکانیان بەرپاکرد، ئەوانە بەردەوام وەك میانڕۆ خۆیان ناساندووە، دەوڵەت پشتیوانیان بوو، بەڵام پاش چاودێریکردنی وردی دوای رووداوەکە، دەرکەوتن ئەوانە هەرگیز میانڕۆ نەبوون.

لە ئێستادا دیپلۆماسیەتی میللی لە پشت میدیاوە هەڵتروشکاوە، لە کاتێکدا پێویستی بە هەستانەوەو بایەخپێدان هەیە، گەر لە دەورانی جەنگی ساردا، رادیۆیەك کاریگەری بووبێ، ئەوا ئەمڕۆ میللەتانی جیهانی ئیسلامی لەبەردەم برێکی زۆری زانیاریدان کە دەشێت لایەنگیری‌و نادروست بن، ئەو میللەتانە وا دەروانننە رادیۆی سەواو کەناڵی ئەلحورە، کە تەنیا چەند ئاژانسێکی سەر بەحکومەتی ئەمریکین، سەرباری ئەو پارە زۆرەی تێیاندا خەرج دەکرێ، بەڵام نەیانتوانیوە هەڵوێستێ پۆزەتیڤ لە جیهانی ئیسلامیدا دروست بکەن بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ئەمریکا، بۆیە ئێمە بڕوامان وایە کە ئەو پارانەی لە رادیۆی سەواو کەناڵی ئەلحورە خەرج دەکرێ، ئەنجامی باشتری دەبوو، گەر بخرایەتە بەردەستی ئەو میدیا ناوخۆیی‌و رۆژنامەوانانە کە بڕوایان بە ئەجێندای دیموکراسی‌و فرەیی هەیە.

پێشنیازی ئەوەش دەکەین کە وۆرك شۆپێك لە واشنتۆن بکرێتەوە یان هەر جێیەکی شیاوی دیکە، ژمارەیەك نوێنەری ئیسلامیە میانڕۆکان تێیدا ئامادە بن، لەوێ دەستپێشخەری ئەوە بخەنەروو بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لەسەر شێوازی کۆنگرەی(ئازادییە کلتورییەکان)و لیستێك بەناوی بەشداربوان رێکبخەن. گەر ئەمە سەرکەوتنی هێنا، کار بۆ ئەوە بکەین کە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ببەسترێ لە شوێنێك کە بەهایەکی رەمزی هەبێ لای موسڵمانان، وەکو قورتوبە لە ئیسپانیا تا لەوێوە رێکخراوێك لەدایك ببێ بۆ بەگژداچونەوەی ئیسلامی توندڕۆ.

بەشداربوانی ئەم توژینەوەی دەزگای راند:

*ئەنجیل راباسا- چاریل بینارد- لویێل شوارتز- پیتەر سیکڵ- بەسەرپەرشتی دەزگای سمیت ریچاردسۆن ( سەنتەری رۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ سیاسەتی گشتی).*

# به خۆڕایی بەڵام بخوێنەرەوە



هێمن مەهدی نەقشبەندی

لە چلەکانی سەدەی رابردوودا(دین لیشەر) هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات، ئەوەی ئەو دەیکات لە کالیفۆرنیا، رۆژێك بێ ژیانی چەندین کۆمەڵگەی مرۆیی بگۆڕێ، کێ بیری لەوە دەکردەوە کرێکارێك پاش ماندوێتی، دەست بداتە رۆژنامەیەك‌و بیخوێنێتەوە گەر بە پارە بێ؟! ئەم بیرۆکە وردو قوڵە تەنیا لە(لیشەر)دا چەقی نەبەست، بەڵکو رووبەرێکی فراوانتری بەخۆوە بینی، کە لە ئەمریکاوە باز بدات بەرەو ئەوروپا، و رۆژنامەی خۆڕایی ببێتە خاوەنی زۆرترین خوێنەر. تەنانەت سەرنجی ئیمپراتۆری میدیای رۆژئاواش ( رۆبەرت مەردۆخ)ی بەلای خۆیدا کێشکرد، کە رۆژنامەیەکی ٤٨ لاپەڕەیی دەربکات بەناوی( the London paper) سەرباری ئەوەی کە خاوەنی رۆژنامە زەبەللاحەکانی(تایمز-سەن)ـە. بۆ سەرمایەدارێکی وەك مەردۆخ رەنگە ئاسایی بێ، رۆژنامەیەکی خۆڕایی بگرێتە ئەستۆ، بەڵام ئەوەی گرنگە رۆژنامەی(میترۆ)ی سویدی بوو، کە لە ١٩٩٦دا بە هەوڵی چەند گەنجێك لەدایکبوو، هەرچەندە سەرەتا لەنێو شەمەندەفەری میترۆکاندا بڵاویان دەکردەوە، بەشێوازێکی زۆر سادەو جێباوەڕی خوێنەرانیش نەبوو، کە لەیەکەم ساتەوە، خوێنەرەکان داوایان لێکردبوون دەستبەرداری بن. متمانەیەکی زۆریان بەخۆ هەبوو، کۆڵیان نەداو پاش ساڵێك هەمان ئەو(میترۆ)یە سنوری سویدی بەزاند بەرەو وڵاتی چیك، پاش دوو ساڵ گەیشتە هنگاریا، لە ١٩٩٩ روویکردە هۆڵەنداو فنلەندا، لە ٢٠٠١ ئەمریکاو کەنەداو ئیتالیاو چیللی گرتەوە، هەر هەمان ساڵ خۆی گەیاندە پۆڵەنداو یۆنان‌و ئەرژەنتین‌و سویسراو ئیسپانیاو دانیمارك. تا ٢٠٠٦ ئەم رۆژنامەیە بە خاوەندارێتی ئەو چەند گەنجە، گەیشتە کیشوەری ئاسیا بۆ کۆریای باشوورو هۆنگ کۆنگ. ئێستا ئەو رۆژنامەیە ئەوەندەی من ئاگاداربم بە ١٦ زمانی جیهانی دەردەچێ.

چەند نمونەیەکم لەم رۆژنامەیە هەیە، برادەرێکی ئازیزم لە سوید دەژی، بۆی باسکردم، منیش چەند پرسیارێك لە زەینمدا دروستبوو، کە دواتر بەخۆی چووبووە کۆمپانیاکەیانەوەو لە نزیکەوە قسەوباسی لەگەڵدا کردبوون، دەربارەی کارکردنیان، پێم باشە پوختەی ئەو سەرنجانەیان لێرەدا بخەمەروو:-

١- ئەو وڵاتانەی رۆژنامەی(میترۆ) چۆتە نێوی، پیشەسازیی‌و گەشتیارین، گرنگتر لەوەش میترۆی شەمەندەفەریان هەیە، کە بەردەوام لەگەڕدایە، ئەو ساتانەی کە تا هاووڵاتیەك دەگاتە جێی مەبەست، بە خوێندنەوەی رۆژنامەی خۆڕایی بەسەری دەبات.

٢- زانیارییەکی زۆر دەربارەی ناوخۆی ئەو وڵاتە یان شارەکە، بە خۆڕایی‌و بێ ماندووبون دێتە بەردەستی خوێنەر، واتە رۆژنامە دەچێ بۆ لای خوێنەر نەك بە پێچەوانەوە.

٣- رۆژنامەیەکی وەك(میترۆ) کاتێکی زۆر بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە، تا رادەیەك وەك رێبەرێك وایە، کە ئەدرێسی تەواوی شوێنەکانی تێدایە لەگەڵ نرخی کاڵاو پێداویستەکان، بۆیە خوێنەری ئەوێ بۆ کڕینی کاڵایەك کاتژمێرێ یان دوان ناسوڕێتەوە بۆ ئەوەی بیکڕێ وەك خۆمان.

٤- زۆر بایەخ بە راو بۆچوونی خوێنەر دەدەن، ئەو کاتەی کە دەزانن ژمارەی خوێنەریان کەمبۆتەوە، لە هەر شارێکدا چەند چادرگەیەك هەڵدەدەن‌و داوەتی رێبواران دەکەن بۆ خواردنەوەی قاوەیەکی گەرم تا سەرمای ستۆکهۆڵمیان لەبیرچێتەوە، ئەوجا فۆرمێك دەخەنە بەردەستیان کە چ گۆڕانکارییەك لە رۆژنامەکەیاندا بکەن‌و چ بابەتێك جێی بایەخی ئەو خوێنەرەیە.

زۆر مەسەلەی دیکەی باسکرد، کە بیرۆکەیەکی تەواوم دەربارەی هەبێ، بەڵام ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگ بوو، لەوێ رۆژنامەیەکی خۆڕایی هەموو بەیانی‌و ئێوارەیەك چاوەڕێت دەکات، بە مەرجێك بیخوێنیتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە خوێندتەوە، سوودێکی گەورە بە رۆژنامەکە دەگەیەنێ، کە دواتر دەڕژێتە سوودی گشتییەوە، چونکە ئەویش ساڵانە پارەی باج دەداتە دەوڵەت. بەو شێوەیە رۆژنامەیەکی خۆڕایی بەخۆی دەبێتە کەرەستەیەکی بەرهەمهێنەرو بەشداری لە خۆشگوزەرانی وڵاتەکەیدا دەکات، هەر بەشێکی ئەو باجەیەکە رۆژنامەکە دەیدات، دەکرێتە پرۆژەیەکی گرنگ یان موچەی سۆشیالی پێ دابین دەکرێ. لەبەرئەوە رۆژنامە نەك هەر میترۆ بەڵکو ئەوانی دیکەش بەهۆی بەشدارییان لە بونیاتنانی وڵاتەکەیاندا، خوێنەریان بە رێزەوە تەماشای دەکەن‌و ئامادەن بۆ هەر شتێکی ناجۆر لە کۆمەڵگەکەیاندا کە رۆژنامەکە دەیورووژێنێ، هاوپشتی بن. خۆڕاییەکەی بۆ ئێمە جێی ئیرەیی پێبردنە، گەرچی لە ئێستاو ئایندەیەکی نزیکیشدا سەختە بگەینە ئەو بارە، نەك هەر ئەوە بەڵکو نیگەرانیشمان دەکات، کە پێمان بڵێن رۆژنامەکەتان بە خۆڕایی بدەنە خوێنەر. جارێك لە کۆڕێکی(جۆن بۆڵیون)جێگری بەرێوەبەری هێزە مەدەنیەکانی ئەمریکا لە هەولێر، بەشێکی زۆری ئامادەبوانی ئێمە تووشی سەرسوڕمان‌و تا رادەیەکیش هەڵچوون هاتن، لە قسەیەکی ئەو بەرێزە کە گوتی: نابێ حکومەت کۆمەکی ماددی پێشکەش بە میدیای ئازاد بکات.

بێگومان بۆ ئەو ئەم قسەیە دەقاودەق راستە، لەسەر لۆژیکێك قسەی دەکرد، کە ناکرێ میدیایەك پارە لە حکومەت وەربگرێ‌و قسەشی پێ بڵێ، لەبەرئەوە بەردەوام لەژێر هەڕەشەی بڕینی پارەکەدایە، کە هەزارو یەك پاساوی بۆ دەدۆزێتەوە. لەنێو ئەو هەموو جیاوازییەدا کە هەیە، یەکێکیان گەلێ جوانە، رۆژنامەیەکی وەك(میترۆ) کە بەخۆڕایی دابەش دەکرێ‌و دەکەوێتە دەست خوێنەرانی، هەموو بابەتێکی کاریگەری خۆی هەیەو کاتێ باسی دەکات، خوێنەر بە تەواوی قەناعەتی خۆیەوە، بەرگری لێدەکات، زۆرجار بابەتی ئەو رۆژنامەیە، خوێنەری جۆشداوە کە فشار بخەنەسەر دەوڵەت بۆ گۆڕینی وەزیرێك(لەچەند ساڵی رابردوودا وەزیرێك دەستی لەکارکێشایەوە لەبەرئەوەی رۆژنامەی ناوبراو دیمانەیەکی لەگەڵدا کردبوو لەسەر ئەوەی کە توند بووە لەگەڵ کچە خزمەتکارێکی ماڵەکەیدا) ، لای ئێمەش رۆژنامە دەکڕین‌و پارەی پێدەدەین، سروشتی مرۆڤی ئێمە وایە کە هەر شتێکی بە بەلاش دەستکەوت بە بەلاشیش لەدەستی دەدا، تەنانەت ئەمە چۆتە نێو پەندی پێشینانیشمانەوە، کە لای ئێمە بەشێکە لە حیکمەتی باوباپیرانمان، بەڵام ئامادە نین بەرگری لە یەك وشەی ئەو رۆژنامەیە بکەین کە دەیورووژێنێ لەسەر وەزیرێ یان دیاردەیەك، بەڵکو هەندێجار هەرئەوەندە دەڵێین کە (شتێکی خۆش !)ی نوسیوە، ئیدی ئێمەش تا دەگەینە ئەو کاتەی رۆژنامەیەك پێمان بڵێ بەخۆڕایی بەڵام بمخوێنەوەو رێزم بگرە، هەناسەسوارییەکی باش‌و سەبری ئەیوبی گەرەکە.

## دکتۆر کەمال میراودەلی

# ڕۆشنبیری کوردی بەهەموو شێوەیەك بەرەو عەرەبو ڕۆشنبیریەتی عەرەبیو زمانی عەرەبی ڕۆیشتووە



سازدانی: موەفەق میراودەلی

بەشی یەکەم

لەدوا سەردانیدا بۆ کوردستانو لەشاری قەلادزێ لە کۆڕەکەی ئامادەبووین، دوای کۆڕەکە لە وتووێژێکی کورتو سەرپێیدا باسمان لە هەندێك باسو خواسی ڕۆشنبیریو سیاسی کرد، ئێمە وەك ستافی گۆڤاری زنار خۆمان پێناساندو چەند دانەیەکمان لە گۆڤارەکە دایە. ئەو زۆری پێخۆش بوو، دەستخۆشی لێکردینو هانیداین کە هەوڵ بدەین بەردەوامی بە کارەکەمان بدەین، هەر لەوێ پێشنیاری دیدارێکمان لەگەڵ کرد ئەویش بەڵێنی پێداین، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆرو گەڕانەوەی لەپڕیان بۆ دەرەوەی وڵات ئەوکات دیدارەکە سەری نەگرت. دوای ماوەیەك بە ئیمەیڵو تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوەکردو بەڵێنەکەیمان بیرخستەوە، ئەمجارەیان بەتەلەفۆن زۆربەی پرسیارکانمان بۆ خوێندەوەو ئەویش هەر بەتەلەفۆن وەڵامەکانی داینەوەو لای خۆمان ریکۆردمان کرد، هەرچەندە بەیەك شەو نەمانتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکان وەربگرینەوە شەوی دواترو لە دوو پەیوەندیدا، لە گفتوگۆیەکی فرەتەوەردا دکتۆر کەمال میراودەلی رای تایبەتی خۆی لەسەر زۆر مەسەلەو بابەتی جیاواز بۆ باسکردین.

ئێمە پرسیارەكانمان لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە دەستی پێكردو ئەویش گووتی" من بەشی ئینگلیزیم لە بەغدا لەساڵی ١٩٧١ تەواوكرد، دواتر بوومە مامۆستا لەقەڵادزێ، دوای بۆردومانی قەڵادزێ بوو دیسانەوە لەوێوە چوومە ناو پێشمەرگە، دوای نسكۆ گەڕاینەوەو ئینجا لەقەڵادزێ لەناوەندی بوومە مامۆستا، لەهەمان كاتیشدا سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی سلێمانی بووم، لە شەڕی عێراقو ئێران، لەو كاتەدا هەموو چالاكییەكانمان دژی ڕژێمی بەعس بوو، من چەندەها جار بانگیان كرم بۆ ئەمنو دەست بەسەریان كردم، گرتیانم". سەبارەت بە چوونە دەرەوەی بۆ هەندەران بەجێ هێشتنی وڵات لە دوای ئەو بانگكردنانەی حزب بەعس گووتی" ئەوەبوو بەكورتی هەڵاتم، كوردستانم بەجێهێشت لە(١٩٨١)هاتم بۆ لەندەن، هەر ساڵی یەكەم كە گەیشتم لەزستانی ئەو ساڵەدا دەستم بەخوێندن كرد، لەماوەی ساڵێكدا ماستەرم لە فەلسەفەی مێژوو وەرگرت، دوای ساڵێك دەستم كرد بەدكتۆرا، لەسەر رۆژهەڵاتناسی، لەكاتێكدا خوێندكاری دكتۆرابووم لەهەمانكاتدا لەهەمان زانكۆ دامەزرامەوەو وانەی ماستەرم بە هاوڕێكانی خۆم دەگووتەوە، وانەی فەلسەفەو رەخنەی ئەدەبی" دەربارەی كارو ئەركی سیاسیو رۆشنبیری خۆی لەو سەردەمەدا باسیكرد كە" دوایی كە پەنابەری كورد هات بۆ لەندەن هەمووحیزبە كوردستانیەكان ئەو وەختە شەڕو هەرایان بوو، دوپاتیان كردەوە كەوا ناتوانن یەكبگرن من دەتوانم یەكیان پێ بگرم بۆ ئەوەی مەڵبەندێكی رۆشنبیری لە لەندەن دروست ببێت، منیش بەراستی فشارم زۆر لەسەر بوو بۆ ئیشی دكتۆراكەم، لەلایەكیشەوە مەسەلەی ویژدان كە كورد پێویستی بە مەڵبەندێكی رۆشنبیری هەیە، تا ئێستا لە لەندەن شتی وا نەبوو، هەموو حیزبەكانیش بەشداریان كرد بە (شیوعی،پارتی،یەكێتی،سۆشیالست) هەموویان بەڵێنیان پێدام كە پشتگیریم دەكەنو یارمەتیم دەدەنو ئەو مەڵبەندە دروست بكەم، بۆئەوەی یەكبگرین، بەراستی منیش چارم نەبوو، چووموهەمووشیان راستیان كرد، دەنگیان بەمن دا بە هەڵبژاردنێكی دیموكراتیانە زیاتر لە(٩٠٪)ی خەڵكەكە دەنگی بەمن دا، من بووم بەیەكەم سەرۆكی مەڵبەندی رۆشنبیری لەلەندەن لە ساڵی(١٩٨٥) ئەو كاتە هەر خەریكی ئەو مەڵبەندە بووم، واتە هەموو چالاكییەكانی ئەو كاتەمان دژی ئەنفالو كیمیارانكردنی هەڵەبجە بوو لەگەڵ حكومەتی بەریتانی، ئەو فشارەی لەسەر حكومەتی بەریتانی كرا كەوا لەنەوەدەكانیشدا ئەو شوێنی ئارامی دروستكرد(نەوای ئارام) هەمووی بەراستی فشاری كۆمەڵگای كورد بوو، زۆربەی خۆپیشاندانەكان من رێكم دەخست، هەموو نوسینەكانو نامەو كاغەزو وێنەكان بۆ حكومەتی بەریتانی (تاتشەر) ئەنجا دوای بۆ مێجەر ئەوە من دەمنووسینو خۆمان دەمان بردن، واتە لە ژێر فشاری كوردبوو، دەورێكی زۆری هەبوو، چونكە یەكەم جار بەریتانیا بوو كە ئەوەی قبوڵ كرد شوێنی ئارامی بۆ كورد دروست بكرێت" دكتۆر كەمال سەبارەت بە كاروبارو چالاكیەكانی لە لەندەن درێژەی پێدەدات" دوای ئەوە بەردەوام جگە لەخوێندنەكەشم دەستم كرد بەدروستكردنی كۆمەڵێكی زۆر رێكخراوی تر، مەڵبەندی رۆشنبیری كوردی ئەو وەختەی من لێپسراوی بووم لەسەدا سەد مەڵبەندێكی كوردستانی بوو، لێژنەی بەرێوەبردنەكەی كوردی(توركیا، سوریا، ئێران، عێراق)بوو، سیاسەتێكی كوردستانی سەربەخۆمان هەبوو، ئەو كاتەی حیزبەكان بەربەرەكانیان هەبوو، رێگەی ئێمە نەدرا بە ئازادی ئیش بكەین، بەڵام دوای ئەوەی بەرەی كوردستانی دروست بوو، پارتیو یەكێتی بوونە یەكو سیاسەتیان لەگەڵ ئێران بوو، ئەو وەختە نەیاندەهێشت هیچ دژی ئێران بكرێت، ئنجا دەستیان تێخستو مەڵبەندەكە بوو بەحیزبیو منیش وازم لێ هێنا" سەبارەت بە ئایندەی مەڵبەندەكەش دكتۆر كەمال گووتی" لەو كاتەوە مەڵبەندەكە قیمەتی نەماوە، بوو بە جێگەیەكی حیزبی بەراستی من پرۆژەیەكی گەورەم دانابوو كە بیكەمە زانكۆی كوردستان، چونكە لێرە هیچ شتێك لەتوانا بەدەر نیە، زۆریش دكتۆرای كورد لە دەرەوە هەبوو كە بیهێنینو من قسەم لەگەڵ زانكۆكانی لەندەن كرد، لە مفاوەزات دابووم لەگەڵیان، بەڵام حیزبەكان زۆر بەتوندی دژی وەستان ئێمە وازمان لەو پرۆژە هێنا، چونكە نەدەكرا كردیانە شوێنی خێڵایەتیو باوەڕی شاخو ناكۆكیو دووبەرەكی شاخیان هێنایە ئێرەو ئێستاش بەردەوامە، ئێمە دەمانەویست بیروباوەڕی ئەوروپا بەرینەوە كوردستان، ئەوان بیروباوەڕی خێڵایەتیو حیزبیان هێنایە ئێرە" سەبارەت بەوەی لەبەرامبەر ئەم دەستێوەردانە لەكاروبارەكانیان چیانكرد گوتی" بێگومان بەوەش وازم نەهێنا، كۆمەڵێ رێكخراوی ترم دروستكرد، لەوانە رێكخراوی خانوبەرەی كوردی كە ئێستا(١٢٠)خانوو هەیە كوردی تێدا دەژیەت، ئەو خانوانە بەراستی بە موبادەرەی من دروست كراون، دوایی ئەو كۆمەڵانەی لە لەندەن دروست بوون، هەموو من پشگیریم لێ كردوون، دوا ئیش، دوو هەفتە لەمەو پێش بەرنامەی راهێنانم كرد كە(١٨)كورد لە رێكخراوە كوردیەكان كە(١٦) ژن بوون، بۆ ماوەی(١٠)رۆژ مەشقم پێ كردن لەسەر بنچینەی كۆمەڵگای شارستانیو دروست كردنی بیروبۆچوونی سەربەخۆ، نەخشەدانانی ستراتیژیو بەشداری كردنی خەڵك لە بڕیاردانی سیاسیو ئەم جۆرە شتانە" دكتۆر گەڕایەوە سەر ژیانی تایبەتی خیو دەڵێت" دوای ئەوەی ئەو وەختە نەمدەتوانی بەشێوەی رەسمی لەزانكۆ وانە بڵێمەوە لێرە پێی دەگووترێت(فری لانس)بە ئازادی هەر كاتە شوێنێكی زانكۆ پێویستی بێ وانە بڵێیتەوە، من بەو شێوەیە وانەم دەگووتەوە، بەو شێویە بەردەوام بووم بەتایبەتیش وانەی ئینگلیزی، وەرگێڕان، سیستەمی بەریتانی سێ بەشە یەكیان پێی دەگوترێت كەرتی دەوڵەت، یەكێكیشیان پێی دەگووترێ كەرتی تایبەت، كەرتی بازاڕ، بەشێكیان پێی دەگوترێت، كەرتی كۆمەڵگای مەدەنی، كەرتی كۆمەلگای مەدەنی یەكجار گەورەیە، من لەو كاتەدا ئەوەم هەڵبژارد بەشتێكی زۆر گرنگم دانا، چونكە شتێكی زۆر پراكتیكیە". سەبارەت بە سەربەخۆی راگەیاندنو رێكخراوەكای كۆمەڵگای مەدەنیو رۆڵو كاریگەران لەلەندەن دكتۆر ئاماژەی پێدا"لە(١٠٠٪)هیچ راگەیاندنێكو رۆژنامەیەك بەهیچ شێوەیەك حیزب ناتوانێت دەستی تێبخات، هەمووی سەربەخۆیە، سەندیكاكان سەربەخۆن، سەدان پەیمانگاو كۆلێژی سەربەخۆ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا(٦٠٠٠٠٠)هەزار رێكخراوی كۆمەلگای مەدەنی هەیە میللەت خۆی دروستی كردووە، بودجەی ئەو رێكخراوانە( ٢٧)بلیۆنە، خۆیان پارەكە پەیدا دەكەن یان حكومەت ناچارە بیان داتێ، بەڵام ئەوانە میللەت دروستیان دەكات، واتا ئەوانە دەسەڵاتیان بەسەر حكومەتدا هەیە. بەڵام حكومەت دەسەلاتی بەسەر ئەواندا نیە، ئەوانە بڕیاردەدەن، حكومەت چی بكات چی نەكات، پرۆژەكان چۆن جێبەجێ بكرێن، بودجە بۆ كێ دابنرێت، میللەت چی بكات چۆن بەرگری لەخۆی بكات، ئەو لایەنەم زۆر بەگرنگ زانی بۆ ئێمەش بۆیە گەرامەوە ماستەرێكم لەو لایەنە كرد لە ئابوریدا لەزانكۆی لەندەن لەساڵی(١٩٩٢) لەبەشی ئابووری كۆمەڵگەی مەدەنی لە سیستەمی كۆمەلگەی مەدەنی لەو كاتەوە، من لەم بوارەدا وانە دەڵێمەوە تاوەكو ئێستاش وانەكان بەشێوەیەكن، خۆم بەرنامەكان دادەنێم، بەرنامەی فیكری راهێنانو وانە گووتنەوە، ئەو بەرنامەیە بۆ رێكخروەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیە لە لەندەن بۆ هەموویان هەتا بۆ دەزگاكانی حكومەتیش من مەشقیان پێ دەكەمو ماددەكان دەنووسم، هەموو ساڵێ زیاتر لە( ٣٠٠)رێكخراو من مەشقیان پێ دەكەم لەو لایەنانە" هەر لەدرێژەی ئەو باسەدا دكتۆر روونیكردەوە كە"دوای ئەوە حكومەتی لەندەن پرۆژەیەكیان هەبوو كەرێكخراوی

گەورە دروست بکەن، بۆ ئەوەی بیروباوەڕی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراتی بخەنە ناو ئەو میللەتانەی کە ئینگلیز نین‌و پێیان دەگووترێ کەمینە نەتەوەییەکان، ئەو ئیشەیان راگەیاند هەموو شتێك بە واستە نیە(بە پێکەنینەوە) ئیشەکە درایە من، دوو ساڵە بودجەکە حکومەت دەمان داتێ، بەڵام ئیشەکە سەربەخۆیە دەوری من ئەوەیە ئەو بەرنامەیە، بەرنامەی پێشکەوتنی مەدەنی‌و مەشق‌و دروست کردنی رێکخراوی تازە بۆ هەموو میللەتانی لەندەن جگە لە ئینگلیز هەموویان ئێمە دەیکەین، جا (پۆلۆنی، چیچانی، تاوی، سۆماڵی، هندی، ئەفغانی، پاکستانیە، کوردیە، تورکیە، عەرەب، ئاسوریە)هەر شتێك بێت، دەوری من ئەوەیە کە یارمەتیان بدەم، هەموو ساڵێ (١٠) رێکخراوی تازەیان بۆ دروست دەکەم، نوسینی دەستوور بەشێوەیەکی دیموکراتیە بۆ ئەو رێکخراوانە، دوای ئەوەی کە دەستوریان بۆ دەنوسین‌و مەشقیان پێ دەکەین کەچۆن بتوانن رێکخراوەکە بەرێوەبەرن دوای ئەوەی نەخشەیان بۆ دادەنێین، نەخشەی بەرێوەبردن نەخشەی ستراتیژی، دوای نەخشەی کار بۆ ئەو رێکخراوانە، بەپێی دەستوری لەندەن هەموو رێکخراوێکی بچووك رەنگدانەوەی ئاوێنەیەکی بچووکی پەرلەمانە، هەر رێکخراوێك بچووکیش بێ پێویستە دەستووری دیمموکراتی هەبێت، دەبێت هەڵبژاردن هەبێت، هەموو ساڵێ جارێ کۆبونەوە بە ئەندامەکانت بکەیت، پێیان بڵێت ئەم ساڵە چ ئیشێکت کردووە، چەندت پارە وەرگرتووە پارەکەت لە چی سەرف کراوە، دەبێت چاودێری دارایی حکومەت شوێنێکی ناسراو بێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ" دەربارەی شێوزای کارکردن‌و ئەنجامدانی چالاك‌و پرۆژەی ئەو رێکخراوانە دکتۆر کەمال گوتی"ناتوانی هیچ پرۆژەیەك بکەیت، تا پرس بە ئەندامەکان‌و ئەو کەسانەی پرۆژەکەیان بۆ دەکەی نەکەیت، پرۆژە بۆ منالاْن بکەیت، دەبێ بچی منداڵەکان کۆبکەیتەوە، پرسیان پێ بکەیت بڵێ ی ئەم پرۆژەتان بۆ دەکەم، ئێوە دەڵێن چی، تا منداڵی(٣-٤) ساڵەش دەبێت بیروڕای وەربگریت، ئەگەر لێرە پرۆژەیەك بۆ لادێیەك بکەیت دەبێ لادێیەکە خۆی بڕیار بدات، کۆبونەوەیان پێ بکەیت بە شێوەی ئازادی خۆی بڕیار بدات، لەو پرۆژەیە خۆیان کۆمەڵە بۆخۆیان دروست دەکەن لەکوردستان بەلای کەمەوە پێویستی بە(٢٠٠٠٠)هەزار رێکخراوی سەربەخۆیە" دەربارەی شێوازی کارکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن‌و گرنگی بوونی بەرنامەی مۆدێرن‌و ئازادو سەردەمیانە دەڵێت" تەلەفزیۆنی(الشرقیە) دوای تەلەفزیۆنەکانی کوردستان دانرا، دوێنێ (کاتی دیدارەکە)سەیرم کرد لەگەڵ وەزیرێکی بەریتانیاو بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گفتوگۆی دەکرد، جزیرە بۆتە(بی بی سی)گرنگتربووە، بۆچی؟ چونکە ئەوانە سەردەمین‌و بەو سەردەمە بیردەکەنەوە، پارەیان هەیە دەچن بیانی‌و ئینگلیز دادەمەزرێنن، شتی وا بلاْودەکەنەوە منافەسەی ئازادی ئەوروپای پێ دەکەن. لەبەرئەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکی سوپاس گوزارە جزیرە دیمانەی لەگەڵدا بکات، ئەوانی کوردیش ئەم هەموو راگەیاندنانە هەن بەهەمان شێوە دەیانتوانی ببنە راگەیاندنێکی جیهانی، جیاوازی نیە، ئەمڕۆ جیهان وەکو دێیەکی بچووکە، دەیانتوانی راگەیاندنەکە ببێتە دیموکراتی سەربەخۆیی مرۆڤی کورد، نەك دەنگی سەربەخۆی ئازادی میللەت بایە، بەڵکو دەنگی ئازادی بەربەرەکانی جەزائیر، بەربەرەکانی دارفۆر، دەنگی ئازادی باشووری سودان، بەناوی حیزبەوە نەکرابایە کە دەڵێن شەریکات هیچ شەریکەیەکی یاسای لە کوردستاندا نییە، چونکە کە ولاْت دەستووری نەبێت، هیچ شتێك شەرعی‌و یاسایی نیە، هەمووی لەپشت پەردەوە دەکرێت" لەبارەی پرۆژەکانی خۆی لەئێستاداو بەچیەوە سەرقاڵە گووتی" وێرای ئەو کارانەی بسمکرد لەهەمان کاتدا لە(بی بی سی) کاردەکەم، هەرچی وتارێکی گرنگ لەکوردستاندا بلاْوبکرێتەوە، ئەوەی تۆزێ لەرووی سیاسی‌و رۆشنبیری باش بێت بۆ منی دەنێرن وەریدەگێرم، بێگومان خەڵکی تریش هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی من لە لەندەنم بە پلەی یەکەم وەرگێرانیان بۆ دەکەم، هەروەها وانەی ئینگلیزی‌و وەرگێران، بەتایبەت وەرگێرانی(عەرەبی-ئینگلیزی)و(ئینگلیزی-عەرەبی)وەکو وانەی تایبەتی لەزانکۆکان دەڵێمەوە، هەر زانکۆیەك ئەو کۆرسانەی هەبێت ئەو وانانە دەڵێمەوە، لەهەمان کاتیشدا بەنوسین‌و شتەکانی خۆشمەوە سەرقاڵم، ئێستا پرۆژەیەکی گەورەم هەیە دوای ئەوەی فەرهەنگی رێزمانی کوردی دەرچوو، ئێستا خەریکی رێزمانی دورودرێژم لە سفرەوەو لە فۆنۆلۆژی لەزانستی دەنگەکان تاوەکو زانستی گرامەرو هەموو بەشەکانی بگرێتەوە، دووەمیش خەریکی مەسەلەی فەلسەفەم. بە گرنگی خەریکم وەکو ئەنسکلۆپیدیایەکی فەلسەفە، ئەویش دوای کۆمەڵێ وەرگێرانم لەکوردی بۆ ئینگلیزی هەیە لەسەربابەتی مێژوو، بە نیازیشم لەسەر شاعیرەکانی کورد بە خانی دەستم پێکردووە، ئێستا خانی ئەوە لە چاپخانەی

**لە پەنا من هەر شەوێ ئافرەتێك لاشەی فڕێ بدرێت بێدەنگبم‌و بچم شەو عارەق بخۆمەوە، ئەوە ئیشی نوسەرو رۆشنبیرە کوردەکانە بەراستی وشەی رۆشنبیری تاوانە بەکار بهێنرێت، من وشەی بۆشنبیر بەکاردەهێنم بۆ ئەوانە**



ڕەنجە، مەم‌و زینی خانی تاکو ئێستا کورد نەیخوێندۆتەوە ئەوانەی سۆرانین تەنانەت ئەوەی بادینیش، چونکە زمانەکەی گۆڕیمە بە لەهجەی سۆرانی واتە کردوومە بە ستانداری سۆرانی، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی بەڵام دوای ئەوە دوو تا سێ بەشی هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی فراوان‌و بەش بەشە دێر بەدێڕ لەسەرخانی لەرووی (ناوەرۆکەکەی، وەکو چیرۆك، وەکو دراما، وەکو فەلسەفە) زیاتر وەکو شتێکی ئەدەبی نەك وەکو شتێك لەدەرەوە سەیری بکەیت، وەکو تێکستەکە لەناوخۆیدا واتە چەند تێکستە، تێکستی درامای، فەلسەفی، بیروباوەڕی نەتەوایەتی، خورەوشتی کوردەواری، دڵداری، رۆمانیشە، کەواتە لەناو تێکستدا لە ناویەك دەقدا چەند دەقێ هەیە، کە هەموو ئەو دەقانە بەشێوەیەکی زۆر هونەری بەشێوەیەکی زۆر باڵا یەکتر تەواو دەکەن دەمەوێ خوێنەری کورد ئەوە بزانێ دوایش فەرهەنگێك دەبێت، دوای وەکو شانۆگەری سەردەمی دەینووسمەوە، کە لە بیروناوەرۆکی هەڵێنجرابێت.
ئەوکاتە خانی دەبێتە چوار کار، بەشێکیان ئەوە چاپ دەبێ‌و دوای سێ بەشەکەی تریش هیوادارم بەدوایدا بێت، ئنجا خوێندنەوەیەکی شاعیرە گەورەکانی کوردم دەست پێکردووە، ئەوەی مامۆستا هەردی بڵاوبۆوە، خانی وەکو پێشەکی دوای زیاتر وەکو کتێبێکی سەربەخۆ، ئێستا خەریکی خوێندنەوەی شێخ نوری شێخ ساڵحم، نالی، مەحوی، ئینجا مەولەوی دەست پێ دەکەم، واتە هەر شاعیرە بەلای کەمەوە کتێبێکی لەسەر دەنووسم، ئەو شاعیرانەی کە شایانی ئەوەن لەبەرئەوەی کورد دراساتی ئەدەبیمان نەماوە" دکتۆر پێیوایە کورد رۆشنبیری خۆی لەدەستدەدات لەمەترسی ئەو مەسەلەیەشدا دەڵێت" رۆشنبیری کوردی بەهەموو شێوەیەك بەرەو عەرەب‌و رۆشنبیریەتی عەرەبی‌و زمانی عەرەبی رۆیشتووە، لادێ بەتەنها سەرچاوەی ئابووری نیە، سەرچاوەی زمانە، کلتوورە، سەرچاوەی پیشە خۆماڵییەکانە، ئابووری ناوخۆیی‌و ناوچەییە، لەناوبردنی روحی کوردەواریە کە هاتمەوەو سەیرم کرد ناوچەی مەرگە ئاوابوو، سەبرم نەگرت‌و چاوم هەڵنەهات سەیری ئەوشوێنانە بکەم، پرۆژەی ئەنفالکردن بەردەوامە، تۆ بەخۆت بڵێی عێراقی بە بێ ئەوەی عێراق دان بە ئەنفال دابنێ بەو تاوانەی دژ بەکورد، بەهیچ شێویەك نەدەبوو بچیتەوە ناو عێراق، ئێستا داوای قەرەبوکردنەوە دەکەنەوە، بۆ کەرکووك بەمەرجی ئەساسی دەبوو عێراق دان بە تاوانی ئەنفال دابنێت، ئەو(٢٠٠)هەزار کەسە چارەنووسیان روون بکرێتەوەو عێراق بۆخۆی بیانهێنێتەوەو دیوارێکی گەورە لەسەر بەنداوی حەمرین دروست بکرێت، تا ناوی هە(٢٠٠٠٠٠)هەزارەکەی لێ بنوسرێت، هەموو میللەتان وا دەکەن. بۆ ئەوەی عەرەب بزانێ رەسمەکانیان لەبەنداوی حەمرینەوە ببێتە وێنەیەکی گەورە، ئنجا عێراق دان بە تاوانی لەناوبردنی مرۆیی دابنێت لەکوردستان، پۆزش بێنیتەوەو بیخاتە دەستووری خۆیەوە، کە ئەو تاوانە قەلاچۆکردن بووەو دوبارە نابێتەوە، قەرەبووی هەموو مرڤێکی کورد بداتەوە ئەوانەی زیندوون‌و ئەوانەی مردوون، ئەو کاتە کورد دەبوو ناوی عێراق بێنێت. لەهیچ شوێنێك باسی ئەنفال ناکەن، ئێستا گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی بەرگری لە تاوانباران بکەن، سەددام لەسەر(١٤٦)شیعە لەسێدارە درا، ئێمە لەسەر(٢٠٠٠٠٠)هەزارو(٤٠٠٠) هەزار دێ‌و دەربەدەرکردنی(٢)ملیۆن مرۆڤ بەرگری لەوان دەکەین" دکتۆر کەمال ئەوەشی نەشاردەوە کە"بەراستی کەمن دێمەوە هەست ناکەم کە میللەتم هەیە، حاکمم هەیە، خاوەنی رۆژنامەی (دیلی تیلیگراف)کابرایەکی بەهێزو لۆردە، پارەی خانەنشینی راکێشاوە لەئەمریکا حوکمی شەش ساڵ زیندانی درا، لەبەرئەوەی کاتی خۆی فێڵی کردووە، پارەی خانەنشینی راکێشاوەو بۆخۆی سەرفی کردووە، دەبێ لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی دەرەوە بێنین، ئەو میللەتە لەرووی روحی لەرووی سایکۆلۆژی‌و ئابووری چۆن دروستی بکەینەوە، ئەمرۆ کورد چینی ناوەراست‌و چینی رۆشنیری نەماوە (٥٪)ی میللەتەکە دزە، خزم‌و کەسی خۆی دێنێتە پێشەوە نە توانا نە ئینسانیەت‌و نەتەوەپەرستی‌و نە رۆشنبیری هیچ شتێ هیچ قیمەتێ نەماوە، بۆشنبیرەکانمان دوو ڕوون کە نایڵێن، لەدەرەوە هەمووی دەزانن رۆژی بەسەدان راپۆرتیان بۆ دێت، کابرایەکی وەکو مالکی حسابی بۆ دەکەن، کابرایەکی وەکو سیستانی لەماڵی خۆیەوە ئامادە نەبووە قەت یەك نوێنەری ئەمریکی ببینێت حسابی گەورەی بۆ دەکەن، وەکو کۆڵەکەیەك، بەڵام رۆژی یەکەم کەرکووك پێشمەرگە چوە ناوی خۆت بۆ نەچوویت، بۆ نەتان کرد، بە هەرەشەیەکی کەم عەرەب دەڕۆیشت، بە پارەیەکی دیاریکراو عەرەب دەرۆیشتەوە، بۆ نەتان کرد، ئایا بۆ ئەوە بوو کەرکووك بپارێزن چوونە کەرکووکەوە".
لەبارەی چارەنووسی ئەم ناوچانەشەوە دکتۆر گووتی"ئەوەی لە شەڕی(١٩٩٢-١٩٩٣-١٩٩٤)شەڕی پارتی‌و یەکێتی، سەوزو زەرد، دەست بەسەراگرتن، چیان کرد، بەرپرسێکی هەرە گەورەی حیزبیم بینیوە دەڵێ ئێستا خەڵکی کەرکووك ریفراندۆم بکەن خۆیان نایانەوێ بێنەوە ناو کوردستانەوە، ئەوەیە کە ناتوانم(بە پێکەنینەوە) بنووسم‌و وانە بڵێمەوە، لە پەنا من هەر شەوێ ئافرەتێك لەسەر لاشەی فڕێ بدرێت بێدەنگبم‌و بچم شەو عارەق بخۆمەوە، ئەوە ئیشی نوسەرو رۆشنبیرە کوردەکانە بەراستی وشەی رۆشنبیری تاوانە بەکار بهێنرێت، من وشەی بۆشنبیر بەکاردەهێنم بۆ ئەوانە، بزانە عەرەب چەند پێش دەکەوێت وەکو یابانی لێ دێت، هەموو لایەنەکانی دەست پێ دەکات، گەشت‌و گوزار، پەیوەندی عەرەبی دەژیەنێەوە، ئێستا شەریکاتەکانی راستەقینەن، سەرمایەگوزاری عەرەبی‌و جیهانی بۆدێت، ئێمەش چەندەها خەڵك بە دوپشك دەمرێت، ئافرەتێك بۆ کارێ دەنێرم دەستدرێژی دەکرێتەسەر".
کاتێك لێمان پرسی کاریگەری بۆردومانی قەلادزێ لە بیست‌و چواری چواری حەفتاو چوار لەسەر کەسایەتی دکتۆر چەند بوو گوتی"بەراستی کاریگەریەکە ئەوەبوو پێش ئەوە من هەستم دەکرد دەتوانم بریاری ژیانی خۆم بدەم، نەوەیەکی تازە پێ بگەیەنم،

باوەڕبكە ئەو هەفتەیەی كە بۆردومانەكە بوو، ئێستا رەنگە ئەوانەی قوتابی بوون لە قەڵادزێ لەبیریان مابێت، چواردە بڵاوكراوەی دیواری بەدیوارەكانەوە بوو یەك گەنج یەك خوێندكار بۆ خۆی بڵاوكراوەی دەردەكرد، هەمووی شتی ئەدەبی، خەڵكەكە ئیهتمامی پێ دەدا دوایی ئەگەر ئەو زانكۆیەی سلێمانی هاتە ئەوێ ئەوان هاتن هەر بەدەست نووس ئێستا خەڵكێك ماوە لەبیری ماوە رۆژنامەیەكمان دەردەكرد بەناوی ئاسۆی پێشكەوتن، ئەوكاتی داوای مەدەنیەتو پێشكەوتنو دیموكراتیەتمان دەكرد، من هەستم دەكرد دەتوانم نەوەیەك پێ بگەیەنم، هەستم دەكرد دەتوانم ئافرەتێكی كوردم خۆش بوێتو لەوڵاتی خۆم دانیشم، دوای ئەوەی بۆردومانەكە بوو بەهیچ شێوەیەك لەو رۆژەوە، من بە ئیرادەی خۆم نە لەشوێنێ ژیاوم نە بۆشوێنێ چووم، واتە من نەمدەیوست بچم بۆ ئێران، بەڵام ناچاربووم بچم بۆ دەرەوە، بەڵام دوای هاتمەوە، ئێرانێكی سەخیف فێڵیان لە ئێمە كرد، هاتمەوە نەم دەزانی بەعس دەمانگرێت دەمانكوژێت یان گوللەبارانمان دەكات؟!، هاتینەوە تووشی ئەوە بووین، ئنجا شەڕی عێراقو ئێرانیش دروست بوو، دیسان بە ئیرادەی خۆم نەبوو هاتمە رۆژئاوا، هاتمە رۆژئاوا گوتم یەك ساڵ ماستەر وەردەگرمو دەگەڕێمەوە. بەیەك ساڵ ماستەرم وەرگرت، بەڵام نەمدەتوانی بگەرێمەوە عێراق لەكوردستانیش شەڕی وەحشیەت، شەڕی بەربەری، شەڕی ناوخۆو یەكێتیو پارتیە، بەفیتی ئێرانو ئەوانە هەریەكە یەكتریان دەخوارد، باوەڕكە من لەدەرەوە بووم چەند حساب بۆ (رواندە) كراوە، كە یەك ملیۆن كەس یەكتری كوشت، ئەوەندە حساب بۆ كورد دەكرێت" ئەو پێیوایە بەخەباتی ئەو حزبانە نەبوو كە ئەمرۆی كوردستان بەدیهاتو پێیوایە" ئەگەر كوێت نەبایە كە ئەمرۆژەیان دروست كرد، ئەوەی پارتیو یەكێتی دەیڵێن سەدی یەك كاریگەری نەبوو، وەكو پەراوێزێكی بچووكی ئێران حسابیان بۆ دەكرا، جەماوەرەكەی خۆمان كە دوو ملیۆن كورد چوو بۆ شاخ ئەمە كوردی هێنایە ناو مەیدانی نێودەوڵەتیو جیهانەوە، ناو ویژدانی جیهانەوە، ئەوە (ناوچەی ئارامی)بۆ دروست كرد، دوای هەر كوردەكە بۆ خۆی جەماوەری شارەكان راپەرین، ئێستاش رێگەی دەرەوە بكەنەوە گەنجێك نامێنێت نەڕوا بەڵام بۆ؟. شانزە ساڵە لەژێر حوكمی كوردیدایە، بۆ گەنجی كورد نەیەوێت لەخاكی خۆی بێت" دەربارەی ئەوەی ك ئەوانو چەندین كەسی دیكە كە خاوەن بڕوانامەنو ناگەڕێنەوە لێرە خزمەت بە میللەتەكەی خۆیان كەن گووتی" من دەقیقەیەك نیە، رۆژێ نیە لە ژیانمدا بیرم لە كورد نەكردبێەوە سێ چوار

**ئەمرۆ كورد چینی ناوەراستو چینی رۆشنیری نەماوە(٥٪)ی میللەتەكە دزە، خزمو كەسی خۆی دێنێتە پێشەوە نە توانا نە ئینسانیەتو نەتەوەپەرستی و نە رۆشنبیری هیچ شتێ هیچ قیمەتێ نەماوە**

بڕوانامەم هەیە، ساڵی بە سێ سەد رێكخراو مەشق دەكەمو خەڵك فێری كۆمەڵگای مەدەنی دەكەم، فەرمانگەكانی حكومەتیش من مەشقیان پێ دەكەم بۆچی نەتوانم بە كەرامەت بگەرێمەوە ماڵی خۆم بە بێ ئەوەی كاریگەری حیزبی بەسەر زانكۆدا هەبێت، واتە ئەمەیە كاولكاریەكە من هەموو جارێك لێرە نوسیومە كورد رزگاری ببێت، سەدی پەنجا دەڕواتەوە، ئەوانەی لە هەشتاكان هاتوون یەك كەس نەڕۆیوەتەوە، ئەوانەی هاتونەتەوە مرۆڤی دواكەوتوو فاشیلن بۆ دزی هاتونەوە" سەبارەت بەوانەش كە بۆ كاری ئاوەدانكردنەوەو بەشداریكردن لەو هەڵمەتی ئاوەدنكردنەوەیەی چەندین كۆمپانیای بۆ كوردستان راكێشاوە هاتوونەتەوە گووتی"چەندەها بەناوی قۆنتەراتو بەناوی كۆمپانیا هیچ كۆمپانیایەك نیە لەكوردستان شەرعی بێت، كۆمپانیا دروست نابێ كە تۆ یاسای شەریكاتت نەبێ، یاسای شەریكات مۆدێرنو تازە نەبێ كە بزانرێ میزانیەكەی چەندە، لەكوێوە بۆی هاتووە سەرمایەی كوێی هێناوە، چۆن بەش دەبێ، سلفەكان چۆنن، چۆن مامەڵە دەكات، ئەمانە شەریكات نین، شەریكەی توركیە بای پێنج ملیۆن یان دە ملیۆن وەردەگرێ دەڵێ ئیفلاسم كرد پارەكەی تۆش دەڕوات، هەموویان هەڵاتن، توركیا سیاسەتی بڵێ ئەوان دەڕۆنەوە، توركیا ناوت ناهێنێت دانت پیانانێت، تۆ چۆن ئابووریو كەرامەتی خۆت دەخەیتە بەردەست توركیا، بۆ ئەم هەموو بانقە نێودەوڵەتیانە ناهێنیت، بۆ نایەی بۆ یابان بۆ ئەمریكا، بۆ نایەی ئێمە لەدەرەوە ئەو شەریكاتانەتان بۆ بێنین، تا ئەمانە بە ئاشكرا چارەسەریان بۆ نەدۆزرێتەوە ئەم میللەتە هەرەس دێنێت، ئەو میللەتە تەحەمولی ئەنفالو بەعسی كردووە، با تەحەمولی دوو سێ شەقی ئەوانیش بكات، ئەمرۆ ئەمریكاو بەریتانیاو نەتەوە یەكگرتووەكان لەوێن خەڵك چاوی لێ یانە ناتوانن، بۆ ئەو پارەیەی دەدرێت بە رۆژنامەكانی وەكو(اتحاد، تاخی) لە بەغدا چەندین عەرەب دامەزراوە لەسەریو هیچی لێ نافرۆشرێت بۆ نەدرێت بە منداڵانی كورد كە ئێستا هەموو منداڵێك كتێبخانەیەكی لە چیرۆكی كوردی دەبوو، كە پارتیو یەكێتی سەرفی دەكەن" دەربارەی سەرچاوەی ئەو هەواڵانەی ئەووپا دەربارەی كوردستان وەریدەگرن دەڵێت"سەدی پەنجای وەرگێرانەكان لە هاوڵاتی وەردەگیرێت، جار جارەش لە رۆژنانەی رۆژنامە وەردەگرن، ئاوێنەش بە كەمتر، بەڵام بەپلەی یەكەم وتار كەبۆ وەرگێران هەڵدەبژێردرێت لە هاوڵاتی هەڵدەبژێردرێت، بەراستی ئەوان زەحتیان لەسەرە پێویستە خۆرابگرن".

# لەقەڵەمڕەوی نوسیندا

خدر ئیبراهیم دەینوسێت

شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ وەختە ببنە مۆتەکەیەکی نەخوازراو لەچاوی عەوامدا،لە جێ ی سەر لەقاندنو ڕەزامەندی لە ئاست فەرمانی پیرۆزیاندا،جۆرێك لە سلکردنەوەو لەبیربردنەوەی کۆمەڵیانە دەبینرێت لە ئاستیاندا.

بەڕادەیەك وەختە ئاراستەی ڕێکردنی ئەوانو ئاراستەی عەوام وەك دووهێڵی پێکدژو باوك کوشتە هەریەك بەلایەکدا مل بنێن، ئەمەش نەك خەونی پێکگەیشتنو پێك تەریببوونیان ناهێڵێت، بەڵکو دەیکاتە یۆتۆپیایەکی مەحاڵو تراویلکەیەکی شێتانە!.

★ ★ ★

ئەگەر لەزەمەنی داگیرکاری دوێنێی باشورو بەردەوامی داگیرکاری ئەمڕۆی بەشەکانی دی کوردستاندا، یەکێك لە سیما دزێوەکانی داگیرکەری باڵادەستی نا نەتەوە، لە پەنا هەموو کپکردنو قڕکردنو قەدەغەکاریە کلتووریو سیاسیو مۆڕاڵییەکاندا، وێنەی دزێوی رابەرو ڕەمزو سەرکردە دیارەکانی هێزی داگیرکەری باڵا دەست بووبێت، کە بە کردە تاکە کەسییە تۆقێنەرو دڕندەکانیان وەك پیاوکوژێکی نموونەیی ناسێنراونو لە کردە کەسیەکانیاندا بە"هیتلەر ومۆسۆلینیو جەنگیزخانو مولازم موحسین"چوێنرابن، ئەوا شۆڕشگێرە خۆماڵییەکانی دوێنێو باڵا دەستەکانی ئەمڕۆی ئازادی ئێمە لەچاوی عەوامدا وەختە تێپەڕێنن!.

ئەوەتا هەواڵو دەنگوباسە جەرگ بڕەکانو وێنەکانی براکوژی دوێنێو ململانێی براکانی ئەمڕۆو هەواڵەکانی گەڕانی بێ بەرنامەی هەندەرانو بەهەندەرانی دارایی لە پرۆژە بێ ئەنجامەکانی ئاشکرابوونی زیندانە نهێنیەکانو بێ وەفایی لە بەڵێنەکانو دەرکەوتنی لاپەرە شاراوەکانی سەنگەر گواستنەوە بۆلای دوژمنو دەرگا کلۆمدان لەئاست داخوازی عەوامدا گەمەکردن بەتراژیدیا جەرگبڕەکانی ناو ڕوحی نەتەوە لەگەرمەی ململانێی رزگاریداو زۆر شت گەلی دی، وەختە بێ چەندو چوون وا بکات سەرکردەو شۆڕشگێڕە خۆماڵییەکان لە دیدی عەوامو کۆمەڵگەدا رووبەروی تەوژمی بێزاریو ڕق لێبوونەوەو خۆ لێبێبەریکردنێکی جدی بینەوە، بەڕادەیەك کە لە ڕەفزکردنو وەلانانیاندا تا ئاستێکی دوورتر لە بێگانە نانەتەوەکانی ناو دەسەڵاتی داگیرکەری دوێنێ ی ئێرەو ئەمڕۆی بەشەکانی دیکەی کوردستان،بچن!.

بەدەربڕینێکی دیکە ئەگەر رابەرو ڕەمزە نا نەتەوەییەکانی بەکردە شەڕانیو دژە مرۆڤییەکانیان وەك خراپەکارێك پێناسیان بۆ کرابێتو بەس، یاخود تەنها ئەو لایەنە شەڕانیەیان بەزەقی لەچاوی مرۆڤی کورددا دەرکەوتبێت، ئەوا شۆڕشگێڕەکانی دوێنێی ژێر دەستەییو ئەمڕۆی ئازادی ئێمە بەو نازناوەناوەستنو چەندین نازناوی دی (بەدیوە نائومێدەکەیدا)لەزەینی عەوامدا بەلای خۆیاندا رادەکێشن کە هێندەی دی پردی دۆستانەو رایەڵە دروستو پێویستیەکانی نێوان ئەوانو عەوام لە ئەمڕۆدا تەفروتونا دەکەن.

ڕاستە لەزۆر لە ململانێ خوێناویەکانی مێژووی شۆڕشو جولانەوە رزگاریخوازییە نیشتمانی نەتەوەییەکانی دونیادا نمونەی هەڵگەڕانەوەی نەریتی شۆڕشگێڕیو بەتاڵبوونەوەی بەڵێنەکانی بەر لە (دەسکەوت)و ڕاستگۆیی لەبەشکردنی(ئاسوودەییەکانی بەر لە ئازادی)دا ئاوەژوو بۆتەوە،بەڵام لای ئێمەی وەسف کراو بە سادەییو نەزاکەتو خاوەن باکگراوندە ئاینیو مرۆڤیو مۆڕاڵییە دروستەکانی پێکەوە ژیانو چەمکە تەقلیدییەکانی پەیمانی کۆمەڵایەتی، بۆمان شتێکی کارەسات ئامێزە!.

ترس لەو جۆرە پێشهاتەی کە ئەمڕۆ بەسەر روانینی عەوامدا هاتووە لە ئاست شۆڕگێرەکانی دوێنێی کوردایەتیو نیشتیمانیدا، لەبەر ئەنجامی نابابەتیبوونە ڕووحیو کردەییو دەروونیانەوە هاتۆتە کایەوە، وا دەکات هاوکێشەی سەرکەوتنی خەونە نەتەوەییو سۆزدارییەکان بەبنبەست بگەن.

لە ئێستادا کە دیبلۆماسیەتی کوردی لەجیهانی دەرەوەدا لەوپەڕی هەوڵی چنینەوەی دەسکەوتی دانپیاناندایە(بەدیووە سیاسسەکەیدا)، ئەم هەوڵە بێ بەرکەماڵبوونی ئاشتەوانی کۆمەڵایەتیو ڕەزامەندی رووحی دولایەنەی(عەوامو دەسەڵات)لەواقعی بەرجەستەدا بە ئەنجامێکی نەخوازراو دەگات.

قوڵبوونەوەی دووڕاییە جەرگبڕەکانی نێوان عەوامو ڕەمزە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێو کاراکتەرە سەرەکییەکانی نێو دەسەڵات ئەمڕۆدا هەموو ئایدیا نموونەیەکانی پێکەوە ژیانێکی کۆمەڵیانەی تەندروست لەنێوان تێکڕای تاکەکانو چینو توێژەکان لەلایەکەوەو لەنیوان بنکەو سەرکردایەتیدا لەبار دەبات.

دواجار ئەم قەیرانە گەورەیە لەپاڵ هەبوونی قەیرانە خزمەتگوزارییەکانو قاتو قڕی ئاسودەیی روحی دەروونی لای تاکی کورد بەگوێرەی لێکدانەوەکەی (فارابی)کۆمەڵگەیەکی (ناتەواو)فۆرمەڵە دەکات، دیارە کۆمەڵگەیەکی لەو شێوەش هەمووخەونەکانی دوور لە ڕاڤەی دەسەڵاتو ڕەمزە شۆڕشگێرەکان لێك دەداتەوەو خەیاڵەکانی لەنێو بازنەی قبوڵنەکردنی دۆخی باو و سەنگەر گرتن وەك پەرچە کردارێك دێتو دەچێت!.

# ڕۆزاحسێن: گەورەترین کێشەی ژنانی کورد ئەوەیە کە کێشەیان نییەو بەژیانێکی سەرکزانەو پڕ لەکۆیلەتیی ڕازین



رۆزا حسین لەدایکبووی ساڵی ( ١٩٧٢ )ی شاری سلێمانیەو ساڵی ( ١٩٩٤ ) بەشی پەرستاری لەپەیمانگای تەکنیکی ئەو شارەدا تەواو کردووە، وەك خۆی گووتی لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە چالاکی هەبووە لەبواری مافەکانی ژناندا‌و لەساڵی ( ٢٠٠١ ) وە لەوڵاتی نەرویج دەژی و ساڵی ( ٢٠٠٦ ) بەکالۆریۆسی لەزانستە سیاسیەکان تەواو کردووە، لەم چەند ساڵەی دوایشدا چەندین نوسین و کۆڕو سیمیناری سەبارەت بەمافەکانی ئافرەتان و پرسەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبووەو ئێستاش وەك ڕاوێژکاری پرۆژەیەك بۆ توانا سازی لەشارەوانی ئۆسلۆدا کاردەکات، ئەمجارەیان لەگفتوگۆیەکی تایبەتدا بۆ خوێنەرانی (زنار) تیشك دەخاتە سەر پرس‌و بابەتەکانی پەیوەست بە ماف‌و کێشەکانی ئافرەتان..

زنـــار: با لەژیان‌و ئەزموونی تایبەتیتانەوە دەست پێبکەین، دواجار دەمەوێت بزانم ژیان دووچاری چ جۆرە تێوەگلانێکی کردوونەتەوە..

رۆزا حسێن: مەبەستی پرسیارەکەت زۆر ڕوون نیە لای من، بەڵام واتێدەگەم تۆ مەبەستت لە"تێوەگلان" ئەو مانایە بێت کە کەسێك لەژیانی خۆیدا دەیبینێت‌و ئەو هەڵوەدا بوونە بێت کە کەسێك بەدوای مەقسەدێکداو، وەك دەگووترێت گەیاندنی پەیامێکدا بەو مەقسەدە توشی دەبێت. ئەزموونی تایبەتی من لەناو کۆمەڵگایەکی پاترپارکیی کوردیی‌و سەردەستەیی پیاو لەلایەك، لەناو کۆمەڵگای زەلیلی کوردیی‌و بندەستەیی ئینسانی(بەتایبەت پیاوی) کوردەوە دەست پێدەکات. من سەردەمانی خۆناسینەوەم نەمدەزانی ئەوە چ نهێنییەکە کە ئەو پیاوەی کە لە دەرەوە لەئاست پیاوەکانی ڕژێمدا لەترساندا گلۆڵە دەبوو کەچی لەماڵەوە لەئاست ژن‌و کچەکانیدا ( زۆر جار تا حەددی کوشتنیان) هێز نوێنی دەکرد. بۆ من ئەمە پارادۆکسێك بوو لەجۆرێکی تایبەت. تایبەت چونکە بەپێچەوانەی لۆژیکی هەر پارادۆکسێکی ترەوە، ئەم پارادۆکسەیان هەردوو سەرەکەی ناپەسند بوو. بۆیە من لەسەردەمێکدا هەستم بە زەرورەتی ئەوە کرد کە هەردوو ئەو جەمسەرە دەخوازێت کارێك بۆ

ڕاستکردنەوەیان بکرێت. بەو مانایەی کە من پێموابوو ئێستاش پێموایە کە پیاوی ئێمە دەبێت لە ناوەوەی ماڵ لە قەڵەمڕەوی کەمبکرێتەوە و لە"ئاغایەتی" بخرێتو لەبەرامبەریشدا لەدەرەوە لەچاوترساوییو بێدەسەڵاتیەکەی لەبەردەم کەمبکرێتەوەو لە" زەلیلی " دەرکرێت. کارکردنێك کە ئێستا کەمو زۆر لەکۆمەڵگادا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم خەلەلە هەیە، بەم دوو بەرەییە مامەڵەی مەسەلەکە ناکات. من جیاوازی خۆم لەوەدا دەبینم کە ئەم دوو جەمسەرەییە بە دوو مەیدانی کارتێکردن دەبینم، لەکاتێکدا ڕەوتی باوی ناو ڕۆشنبیرانو ناو بزوتنەوەی ژنانی کورد پێیوایە کە گەر دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی دامەزرا ئەوە لێگەڕێ ئیتر هەر خۆی ئۆتۆماتیك دەوڵەتێك دەبێت ئەوە ناوی چەوسانەوەی ژن بێت تیایدا نامێنێت. مەبەستمە بڵێم کوردایەتیکردن تەواوێك چاوەکانی لەسەر چەوسانەوەییو کڵۆلیی ژنانی کورد لەناو کۆمەڵگای پاتریارکیی کوردیدا لابردووەو هەر کاتێکیش ئەم مەیدانە بەسەر کرابێتەوە ئەوە هەموو هەوڵەکان بارگاویی بووە بەباسی خزمەتی کوردو کوردایەتییو دۆزە ڕەواکەیو ڕزگارکردنی میللەتە چەوساوەکەمان. ئەمەیە وایکردووە کە زۆرێكو زۆرێك لەو ژنە ڕۆشنبیرانەی کە بەرگرییکەری مافەکانی ژنانن، کوردایەتیکردنو خەبات بۆ مافی کوردان وەك پەیامێکی هەرگیز جیانەکراوە لەخەباتی خۆیان بۆ مافەکانی ژنان دەبینن. هەندێك دەیەوێت کار بۆ هەردووکیان بکات نەك بەو ناوەوەی کەکاتی هەیە بۆ هەردوو مەیدانەکە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەیەك مەیدانیان دەبینێت. نەك هەر ئەمە بەڵکو ئەوەندەی کوردایەتییو خەبات بۆ کەرکوكو ئاڵودەبوون بە سیاسەتەکانی پارتیو یەکێتی لەکارو بارەکانی فیمینیستەکانی لای ئێمەدا زاڵە، ئەوەندە گوتارێکی جیددیانە بۆ دەرهێنانی ژنی کورد لەژێر چەپۆکی پیاو سالاریی کوردانە ئامادە نییە، زۆرێك هەن تەنها تا ئەو شوێنە دێن کەدوو ڕیانێك دێتە پێش ئەو دوو جۆرە خەباتە. دوای ئەوە هەر کە گەیشتە سەر ئەوەی کە ئایا بۆ نمونە سەرکردەکانی پارتیو یەکێتی تەواون یان یاسایەکی باری کەسێتی مۆدێرنن، ئەوا بێ دوو دڵی ئەلتەرناتیفی یەکەم هەڵدەبژێرنو مەسەلەی دووەمیش لەسەر دەستی حکومەتی کوردانە خۆمانو بە موبارەکەی بەرگرییکەرانی مافەکانی ژنان" تاشیعارێکی تر" دوا دەخەن. هەندێك هەن لەو دوو مەسەلەی" ڕزگاریی کورد"و " ڕزگاریی ژنان" دا لەچەوسانەوە، باس لە تەسەلسول دەکەنو جارجارەش نەك هەر ئەمە بەڵکو هەبوونی تەحەمولو تەئجیلکردنی خەبات بۆ مافی ژنان بۆ دوای وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیشیان لێوە دەردەچێت. ئەمە گووتارێکی کوێرکەرانەیە کە لەئاکامدا هەر ئەو نەموزەجەی لەکۆمەڵگا لێ بەرهەم دێت کە بۆ نمونە ئەم ڕۆژانە بەرپرسێکی بەرزی حیزبیی لەڕۆژنامەی میدیا بەشانازییەوە باس لەلێدانی جوتە ژنەکەی دەکاتو ئەمەش وەك دەرئەنجامی ئەوە لێکدەداتەوە کە ئەو " پیاوی شۆڕشگێڕو تورەیە" بۆیە ئاساییەو حەقی خۆیەتی لەژن بدات. ئەم تێکەڵکردنەی بزوتنەوەی کوردایەتییو بزوتنەوەی ژنان بەلای منەوە دەرئەنجام دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر هەوڵێك بۆ چاککردنی وەزعییەتو باری ژیانی ژنانی کورد لەپەراوێزی هەوڵدان بۆ ڕزگار کردنی نەتەوەو ئابڕونەچوونییدا لەبار ببرێت. هەر ئەم دۆخەیە کە ئەو ڕێکخراوە مەهزەلانەی بەناو ژنانو ئافرەتانەی دوای پارتییو یەکێتییو حیزبەکانیی تر خستووەو کاریان بۆتە ئەوەی بزوتنەوەی ژنانیان لەناوەوە بۆ ئیفلیج بکەن. ڕاستییەکەی من پێموایە کە چەوسانەوەی کورد لەسەر ئەوەی کە نەتەوەیەکی جیاوازەو چەوساندنەوەی ژنان لەسەر ئەوەی کەسەر بەڕەگەزێکی ترە، دوو شتن کەدەبێت بەجیا مامەڵەیان بکەین، چونکە مەسەلەی ژن لەکوردستان گورزی گەورەی لەسەر دەستی ئەم تێکەڵکردنە خواردووە. ئەگەر کەسێك کەمێك وردبێتەوە لەخەباتی ئەم دە پانزدە ساڵەی دوایی ژنانی کورد، ئەوا دەبینێت کە ئەو بزوتنەوەیە ئەوەندەی سەرقاڵی مەسەلەی گێڕانەوەی کەرکوكو داپۆشینی توندو تیژیەکانی دژ بەژنان بوون" بۆ ئەوەی بێگانە پێمان خۆش نەبێتو لای دۆستە ئەوروپییەکانمان حەیامان نەچێو وەزعی کورد حەساسە" و بڕوبیانووی تری لەم بابەتە، چارەکێکی ئەوەش سەرقاڵی کێشەو مەسەلەکانی ژنان نەبووە، ئاخر هەر ئەم تێکەڵکردنەیە کە وا دەکات لەکاتێکدا کەبەپێی ڕاپۆرتێك کە لەم دواییانە بڵاوکرایەوە " نەوەد لەسەدی کچانی دەشتی هەولێر خەتەنە دەکرێن" کەچی خانمە نوسەرێکی دیاری بواری مافەکانی ژنان بەناوی ئاشتیخوازیی کوردەوە کات لەخۆی دەگرێتو خۆی بەنوسینی نامەیەکەوە خەریك دەکات کەتیایدا داوا دەکات سەرۆکی یەکێك لە حیزبەکانی ئەو هەرێمەی کە تیایدا ژنانو کچان بەدەستی پیاوانەوە بەزەڕرە ئاشتییو ئاسودەیی لەژیانیاندا نەماوە، خەڵاتی نۆبڵی بدرێتێ. بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت لێرەوە دەڵێم کە من ژیانی شەخسیمو ژیانی ڕۆشنبیریم تووشی ئەو هەڵوەدا بوونەی کردم کە دوای مافەکانی ئەو بەشە لەئینسان بکەوم کە لەئاکامی ئینتیمای ڕەگەزییەوە ژیانی لێکراوە بەدۆزەخ، ئەمە قەت مانای ئەوە نییە کەمن مەسەلەی چەوساوەیی ئینسانی کوردم بەهۆی ئینتیمای نەتەوەییەوە بۆ گرنگ نییە، من هەر کاتێکم بۆ نوسین لێ مابێتەوە، بۆ دەرهێنانی ئینسانی کورد لەو چەوساوەییەی بەناوی ئینتیمای نەتەوەییەوە لەسەرێتی بەخەرجم داوە؛ بەڵام کارەکە قەت لای من لەسەر حسابی چاوپۆشیی یان خەمساردیی یان"واقیعبینیی" بەرامبەر بە چەوسانەوەیی ژنان نەبووەو نابێت. بەلای منەوە دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنانو گێڕانەوەی ئیعتیباری ئینسانی بۆیان هەر ئێستاو ئەمڕۆ مومکینەو ئیقدامنەکردنی دەستبەجێ بۆی هیچو هیچ بڕوبیانووێك لەدەسەڵاتدارانی کورد هەڵناگرێت. هەر بۆیە من بچوکترین تۆلێرانسم بۆ تەئجیلکردنی دەستەبەرکردنی ئەو مافانە نییە، ئەو دلگەورەییەی هەندێك دەینوێنن بەناوی ئەوەی کەدەبێ "واقیعبین"بینو ڕزگار بوونی ئەو ملیۆنان ژنە کوردەی ڕۆژانە لەکوردستانی ئێمەدا ئیهاناتو چەرمەسەری لەسەر دەستی پاتریارکییەتی کۆمەڵگای کوردیی دەچێژن هەڵگرین تا زەمینەی بۆ دەرەخسێتو ڕۆژی خۆی دێت، دەبێت بڵێم کە بەداخەوە ئەم " دلگەورەیی"یە لای من دەست ناکەوێتو لەم ڕووەوە من تابلێی کەم تەحەمولو جیقڵدان تەنگم.

**زنــار:** ئافرەتان بۆ دەچەوسێندرێنەوە؟.. با لەدەستنیشانکردنی هۆکارە بنچینەییەکانەوە بڕۆینە نێو کرۆکی گفتوگۆکەمان..

**ڕۆژا حسێن:** من پێم وایە چوونە ناو گفتوگۆیەکەوە لەسەر مەسەلەی ژنان لەو دەروازەیەوە کە سەرەتا دەستنیشانی هۆکارە بنچینەییەکانی چەوسانەوەی ژنان بکەین، چوونە ناوەوەیەکی مووەفەقانە نییە. زۆر بەسادەیی چونکە گەر ئێمە قسە لەناڕەوایی ئەوە بکەین کەژن دەچەوسێتەوەو بەدوای ئەوەوە بین کە ئەم چەوسانەوەیە لابەرین، ئەوە ئیتر کارێکمان بەو باسەوە نییە کە ئایا ئەم چەوسانەوەیە بۆ هەیەو لەکوێوە هاتووە. لێکۆڵینەوە لەو ڕەگانە ڕەنگە کاری ئەنترۆپۆلۆگێك یان فەیلەسوفێك یان کۆمەڵناسێك بێت کەتەنها بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆریی خۆی لەباسو لێکۆڵینەوەیەکی وا دەدات نەك بۆ ئیستینتاجکردنی ئەوەی کە ئایا ژن موستەحەقە بچەوسێنرێتەوە یان نا، ئەم قسەیەم بەو مانایە نالێم کەلێکۆڵینەوە لەو ڕەگانە گرنگ نەبن، بەڵام بەلای منەوە قسەکردن لەکێشەی پلە دوویی ژنان دەبێت لەوێوە دەست پێبکات کەهۆکارەکەی هەرچییەك بێت، هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کەئەو پلە دووییەی ژنان ناڕەوایەو نابێت بمێنێت. گەڕانەوە بۆ باسی فەسلەجییو ئەنترۆپۆلۆجییو گەڕانەوە بۆ مێژوو قسەی فەیلەسوفەکانی ئەنتیكو تەبریرە میتۆلۆجییەکانو شتی لەم بابەتە هیچ ناکات بەغەیری ئەوەی لەو